سایتی فەرموودە
www.fermude.com

زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست (٥)

# حـــەج و عـــومـــرە

## فەزڵ و چۆنیەتی و حوکمەکانیان
## بە گوێرەی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت

(خذوا عني مناسككم)

(صحيح جامع الصغير/٧٨٨٢)

نوسینی
م.عبداللطیف أحمد مصطفی
(پێش نوێژو ووتار خوێنی مزگەوتی گەورەی چوارقورنە)

چاپی دووەم
١٤٢٩ هیجری ٢٠٠٨ میلادی

=================================================================

**تێبینی** : مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێکە بە مەرجێ وەکو خۆی بڵاوی بکاتەوەو دەستکاری نەکرێت

## پێناسەی پەرتووك

**ناوی کتێب:** حـــەج و عـــومـــرە فەزل و چۆنیەتی و حوکمەکانیان بە گوێرەی بەڵگەکانی قورئان وسوننەت

**ناوی نووسەر:** م.عبداللطیف أحمد مصطفی.

**زنجیرە:** زنجیرەی (٥) لە زنجیرە ڕێنماییەکانی ڕێگای ڕاست.

**ژمارەی سپاردن:** ژمارە (٣٤٦) پێ دراوە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە .

**نۆرە و ساڵی چاپ:** دووەم ــ (١٤٢٩ هــ / ٢٠٠٨) .

**بنکەی بڵاوکردنەوە:** کتێبخانەی سیما / چەمچەماڵ (٠٧٧٠١٢٣٦٠٨٩).

**چاپخانە:** سیما / سلێمانی .

**تیراژ:** (١٠٠٠)دانە.

✍مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

## ناوەڕۆکی ئەم کتێبەیە بریتی یە لە :

حوکمی حج و عومرە

فەزڵی حەج و عومرە

عومرەکەشت بکە لە پێش حەج

حەجی باش کامەیە؟

نیشانەی قەبوڵ بوونی حەجەکەت ئەوەیە کە

کارەکانی عومرە چین و چۆن ئەنجامیان دەدەیت؟

ڕوکنەکانی حەج

باسی ڕوکنەکانی حەج

واجبەکانی حەج

هەڵوەشێنەرەوەکانی حەج

چۆنێتی بەجێ گەیاندنی کارەکانی عومرەو حەج:

ڕۆژانی پێش تەروییە(پێش ٨ی ذوالحجة)

جۆرەکانی حەج

– (الإفراد) حەجی بێ عومرە

– (قِران) حەجی بەستراو بە عومرە واتە

هەردووکیان یەك ئیحرامیان بۆ دەکرێت

–(تَمَتُّع) حەجی دوا عومرە بە ئیسراحەت، دوای

ئیحرام شکانی عومرە تەواو بوون. ئینجا ئیحرامێکی تایبەت دەکەیت بۆ حەج

لە ڕۆژی (٨ی ذوالحجة)

دوای ئیحرام کردن چی دەکەیت؟ وە مانای

تەلبیە (لبیك) چیەو چیش دەگەیەنێت؟

تەوافی هاتن بۆ ماڵی خوا(طواف القدوم)

هاتن و چون (السعي) لە نێوان سەفاو مەروە

*ڕۆژی یەکەمی حەج(٨ی ذوالحجة)

ئیحرام کردن بۆ حەج

*ڕۆژی دووەمی حەج

کارەکانی ڕۆژی عەرەفە (٩ی ذوالحجة)

دەرچوون بەرەو عەرەفە

دوای ڕۆژ ئاوا بوونی ئێوارەی عەرەفە

*ڕۆژی سێهەمی حەج

کارەکانی ڕۆژی (١٠ی ذو الحجة) ڕۆژی جەژن و قوربانی (یوم الحج الاكبر) یەکەم کار لەم ڕۆژەدا:

(رمي جمرة العقبة)

دووەم کاری ڕۆژی قوربانی:

( النحر أو الذبح )

سێهەم کاری ڕۆژی قوربانی:

(الحلق أو القصر)

چوارەم کاری ڕۆژی قوربانی:

( طواف الافاضة )

*ڕۆژی چوارەمی حەج

کارەکانی شەوو ڕۆژی ( ١١ی ذوالحجة)

*ڕۆژانی پێنجەم و شەشەمی حەج

کارەکانی ڕۆژی ( ١٢و١٣ ی ذو الحجة)

دوای تەواو بوونی حەج تەوافی ماڵ ئاوایی

( طواف الوداع )

قەدەغە کراوەکان بە هۆی ئیحرام

(محظورات الإحرام)

حیکمەت چیە لە سەفەری مەدینە؟

قەدەغە کراوەکانی مەککەو مەدینە

(محظورات الحرمين)

*ئەو خوێنانەی کە لە حەجدا واجب دەبن:

– (دم نُسُكٍ) خوێنی حەجی ئیسراحەت (تمتع)

وە حەجی یەکخستن و هاوتاکردن (القران)

– خوێنی فیدیە

– خوێنی سزا ( دم الجزاء )

– خوێنی ڕێ لێ گیران ( الاحصار )

– ( دم الوطء )

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ.

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ [سورة آل عمران ١٠٢] .

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾[سورة النساء : ١] .

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾ [سورة الأحزاب : ٧٠ ـ ٧١] .

أَمَّا بَعْدُ ...

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ.

### حوکمی حەج و عومرە

حەج و عومرە هەردووکیان واجبن یەك جار لە ژیاندا لەسەر هەموو موسڵمانێکی باڵغ بووی عاقڵی ئازادی بەتوانا لە لاشەو ماڵ، کە ڕێگەشی پێ بدرێت و ئەمین بێت، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً﴾ (سورة آل عمران: ١٠٢).

واتە: حەجی ماڵی خوا واجبەو حەقێکی خوایی یە لەسەر هەموو ئەو کەسانەی توانایان هەبێت.

وە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ( إن العمرة قد دخلت في الحج إلى يوم القيامة)[1] واتە: عومرەش هاتۆتە ناو حەج کردنەوە تا ڕۆژی قیامەت، کەواتە عومرەش واجب بووەو پێویستە هەردوکیان بکرێن.

وە عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) پرسیاری کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ : ( هل على النساء الجهاد ؟ ).

واتە: ئایا ئافرەتان جیهاد کردنیان لە سەرە؟ فەرمووی: ( نعم عليهن جهاد لا قتال فيه، الحج والعمرة )[1].

---

[1] صحيح مسلم.

واتە: بەڵێ جیهادێکیان لەسەر واجبە جەنگی تێدا نیە کە ئەو جیهادەش حەج و عومرەیە.

کەواتە ئافرەتیش وەکو پیاو حەجی لەسەرە، بەڵام لەگەڵ ئەو مەرجانەی پێشودا پێویستە مەرجێکی تریشی تێدا بێت کە ئەویش بریتیە لە : ( لەگەڵ بوونی مێردەکەی یان پیاوێکی مەحرەم بۆی ) بۆ ئەوەی بتوانێت سەفەر بکات بۆ حەج.

عبدالله ی کوڕی عەباس (ڕەزای خوای لێ بێت) ووتی : گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو (لا يخلو رجلٌ بامرأة إلاّ ومعها ذو محرم، ولا تسافر المرأة إلاّ مع ذي محرم )[1].

واتە: با هیچ پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێکی بێگانەدا تەنها نەبێت، ئیللا مەگەر ئافرەتەکە مەحرەمێکی خۆی لەگەڵ بێت، وە باهیچ ئافرەتێکیش سەفەر نەکات ئیللا بە مەحرەمەوە نەبێت.

پیاوێکیش کە ئەو فەرمودەیەی بیست هەستاو ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا خێزانم خۆی دەرچووە بەرەو حەج، وە منیش بەنیازی فلانە غەزوەم کە بۆ جیهاد بچم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (انطلق فحُجَّ مع امرأتك). واتە: بڕۆ دەرچۆو بگە بە خێزانت و لەگەڵ ئەودا حەج بکە.

## فەزڵی حەج و عومرە

وە فەزڵیان زۆرە، هەروەك لەم حەدیسانەدا دەردەکەوێت:

١. ( العمرة الى العمرة كفارة لما بينهما، والحج المبرور ليس له جزاء إلاّ الجنة )[1] .

واتە:عومرە دوای عومرە کەفارەت و ڕەشکەرەوەی گوناهی نێوانیانە، وە حەجێکی چاك پاداشتی نیە تەنها بەهەشت نەبێت.

٢. ( تابعوا بين الحج والعمرة، فإنهما ينفيان الذنوب والفقر، كما ينفي الكير خبثَ الحديد والذهب والفضة)[2]. واتە: حەج و عومرە لەدوای حەج و عومرە بکەن، چونکە حەج و عومرە تاوان و فەقیری لادەبەن هەروەك چۆن ئاگری کورەی ئاسنگەر ژەنگ و پیسی ئاسن و زێڕو زیو لادەبات.

٣. ( من حج ( هذا البيت ) فلم يرفث ولم يفسق، رجع كيوم ولدتْه أمه)[1].

واتە: هەر کەسێك حەج بکات بە خالیسی لە بەر خاتری خوا، وە لە حەجەکەیدا جیماعی خێزانی نەکات و خراپەکاریش نەکات، ئەوە دەگەڕێتەوە لە حەج وەك ئەو ڕۆژەی لە دایك بووە بە پاکی و بێ تاوان.

***********************

*********************

---

[1] رواه أحمد والنسائي صحيح على شرط مسلم.

[1] رواه مسلم/ ١٣٤١.

[1] البخاري/١٧٧٣ ومسلم/١٣٤٩.

[2] أخرجه الترمذي ( صحيح ).

[1] البخاري/١٨٢٠.

## عومرەکەشت بکە لە پێش حەج

کەواتە – برای حەج ویست – واجبی عومرەش بەجێ بهێنەو لەگەڵ حەجەکەت عومرەش بکە بۆ ئەوەی ئەم ئەرکی عومرە کردنەش لەسەر شانت لاببەیت و ئەم هەموو خێرە زۆرەی عومرە کردنەش وە دەست بهێنیت – إن شاءالله– لە هەمان سەفەری حەجتدا، وە بۆ ئەوەی گوێ ڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ بیت کە فەرمانی کرد بە ئەوانەی کە تەنها نیەتی حەجیان هەبوو، فەرمانی پێ کردن نیەتەکەیان بگۆڕن بۆ عومرەو جاریٚ عومرەکە بکەن لە سەرەتادا، وە دوای عومرە حەج بکەن بە (تمتع).

کەواتە ـ برای موسڵمان ـ ئەم هەموو ماندوبوون و مەسرەفە دەکەیت عومرەکەش بکەو لە ترسی حەیوان سەربڕین واز لە عومرە مەهێنە. وە ئاگاداربە نەخەڵەتێیت بە قسەی ئەوانەی کە دەڵێن: دوای حەج بچۆ بۆ ( تەنعیم ) لەوێوە ئیحرام بکە بۆ عومرەو وەرەوە بۆ مەککەو عومرە بکە بێ ئەوەی حەیوان سەربڕینیشت لەسەر واجب بێت!!، چونکە ئەم شێوە عومرەیە تایبەت بوو بە عائیشە(ڕەزای خوای لێ بێت) کە عوزری حەیز ڕێگری بوو لەوەی کە پێش حەج عومرە بکات. بۆیە هیچ یەکێکی تر لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ ئەم شێوە عومرەیان نەکردووە، وە زانایان بە سوننەتیان دانەناوە بەڵکو بە نادروستیان داناوە. جا برای موسڵمان تۆ چۆن خۆت قیاس دەکەیت بۆ سەر عائیشە کە لە حاڵەتی بێ نوێژی ( حەیز ) دابوو؟! وە پێغەمبەر ﷺ ڕوخسەتی پێ دابوو کە لە ( تەنعیم )ەوە عومرە بکات بەڵام تۆی پیاو عوزرەکەت چیەو کێ ڕوخسەتی پێ داویت؟!

## حەجی باش کامەیە؟
## ( ئاگاداریەك بۆ تۆی حاجی بەتایبەت )

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ﴾(البقرة:١٩٧).

واتە: کاتی حەج چەند مانگێکە کە بریتین لە( شوال و ذوالقعدة وة دة رِوذي ذوالحجة ) جا هەر کەسێك حەج لەسەر خۆی واجب بکات بە ئیحرام کردن، ئەوە ئەو کاتە حەرام دەبێت لە سەری جیماع و پێشەکیەکانی وە حەرام دەبێت لەسەری – بەتایبەت تر لەو کاتەدا – دەرچون لە گوێ ڕایەڵی خواو سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی و خراپەو تاوان و دم بەدم و موجادەلەی بێ سودو زیان بەخش.وە لە حەدیسەکەی فەزڵی حەجدا زانیت کە بە مەرجێك خوا لە گوناهەکانت خۆش دەبێت بەهۆی حەج، کە گوناهو تاوان نەکەیت لە کاتی ئیحرامدا، وە جیماع نەکەیت. وە پێویستە زۆر خێرو چاکەو تەقوای خوا بکەیت بۆ ئەوەی حەجەکەت ببێتە مایەی ڕەش کردنەوەی تاوانەکانت و چونە بەهەشت.

## وە نیشانەی قبوڵ بونی حەجەکەت ئەوەیە کە :

دوای حەج کردن زۆر حاڵت باشتر بێت لە پێش حەج لە ڕوانگەی دورکەوتنەوە لە تاوان و گوناهـ، وە گوێ ڕایەڵی کردنی فەرمانەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ و تەسلیم بونی تەواو بۆ قورئان و سوننەت، وە وەلانانی ڕاو بۆچون و سیاسەت و یاساو بەرنامەیەك کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت.

وە نمونەی حەج وەك پۆشاكێكی نوێ وایە کە چۆن کەسێکی پۆشاك تازە خۆی دەپارێزێت لە پیس بوونی جلەکەی وە لە هەموو شوێنێك دانانیشێت، بەڵام پێش ئەوەی جلە نوێکانی بکاتە بەر بەو شێوەیە خۆپارێزی نەدەکرد بۆ جلەکانی!

## کارەکانی عومرە چین و چۆن ئەنجامیان دەدەیت؟

**یەکەم: ئیحرام کردن،** واتە نیەت هێنانی عومرەکردن، ئەم کارەشیان ( **ڕوکنە** ) .

وە **واجبە** ئیحرام کردنەکە لە میقاتەوە بێت، تەنها ئەو کەسانە نەبن کە لەو دیو میقاتەوە بن ، واتە لە مەککە بن یاخود لە نێوان مەککەو میقات بن، ئەوانە هەر لەشوێنی خۆیانەوە ئیحرام دەبەستن.

وە ئەو حاجیانەش کە جۆری حەجەکەی ( تمتع )ە ئەوە دوای بەجێ گەیاندنی عومرەکەی و دەرچونی لە ئیحرامی عومرەکەی ڕۆژی (٨)ی ذوالحجة هەر لەمەککەوە لە هەر شوێنێك بێت ئیحرام دەبەستێتەوە بۆ حەج.

**دووەم: خولانەوە بەدەوری کەعبەدا حەوت جار** **( الطواف)** ئەم کارەشیان ( **ڕوکنە** ) .

**سێیەم: هاتن و چونی نێوان سەفاو مەروە حەوت جار** **( السعي )** ئەم کارەشیان ( **ڕوکنە** ).

**چوارەم: قژ تاشین یان کورت کردنەوەی** بۆ پیاوان، وە لێ بڕینی بۆ ئافرەتان. ئەم کارەیان ( **واجبە** ).

بەڵگەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:( **من لم يكن معه هَديٌ، فليَطُف بالبيت، وبين الصفا والمروة، وليقصِر، وليُحَلِّل)**[1].

واتە: هەر کەسێ حەیوانی لەگەڵ خۆی نەهێناوە بۆ ئەوەی حەج و عومرەکەی بەیەکەوە بە(قیران ) بکات، ئەوە با عومرە بکات و، واتە تەواف بکات و لە نێوان صەفاو مەروەش بێت و بچێت و قژیشی کورت بکاتەوەو بەمە لە ئیحرامەکەی دەردەچێت و عومرەکەی تەواو دەبێت.

---

[1] متفق عليه

## ڕوکنەکانی حەج

١. نیەت ( الإحرام ).

٢. وەستان لە عەرەفە.

٣. تەواف ( الإفاضة) خولانەوەی دوا ڕۆژی عەرەفە بە دەوری کەعبەدا حەوت جار.

٤. ( السعي بين الصفا والمروة ) هاتن و چونی نێوان صەفاو مەروە حەوت جار؛ چون جارێکەو گەڕانەوەش جارێك.

## باسی ڕوکنەکانی حەج

### ڕوکنی یەکەمی حەج : نیەت ( الإحرام )

واتە: نیەتی بەجێ گەیاندنی حەج یا عومرە یان هەردوکیانت ببێ لە بەر خاتری خوا بە تەنها.چونکە هەموو کردەوەیەك نیەتی پێویستە وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ( إنما الأعمال بالنيات )(١).

وە نیەتی بەجێ گەیاندنی عیبادەتەکەش پێویستە تەنها بۆ خوا بێت، دوور لە ڕیایی و سومعەو هاوەڵ بۆ خوا دانان، چونکە خوا فەرمانی پێ کردوین کە بە تەنها ئەو بپەرستین بە پاکی و دوور لە شەریکی ﴿ فاعبد الله مخلصا له الدين ﴾ ( اللهم هذه حجة لا رياء فيها ولا سمعة ).

### ڕوکنی دووەمی حەج : وەستان لە عەرەفە

لە ڕۆژی عەرەفە ( ٩ی ذو الحجة ) یان لە شەوی دوای، کە دەکاتە شەوی جەژن ( ١٠ی ذو الحجة ) ، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ( الحج عرفة )(١).

واتە: گەورەترین ڕوکنی حەج بریتیە لە وەستانی عەرەفە، وە بە فریاکەوتنی ئەم وەستانە فریای حەج دەکەوێت و بە لەکیس چوونی حەجی لە کیس دەچێت.

**تێبینی:** مەرج نیە وەستانی عەرەفە تەنها دوا نیوەڕۆکەی ڕۆژی عەرەفە بێت تا خۆر ئاوا بوونی! بەڵکو لەهەر کاتێکی ئەو ڕۆژە یا شەوی دوای خۆی بوەستێت ئەوە حەجەکەی هەر بەردەکەوێت إن شاءالله بە بەڵگەی ئەم دوو حەدیسە:

**یەکەم:** (من شهد صلاتنا هذه، ووقف معنا حتى ندفع، وقد وقف قبل ذلك بعرفة ليلاًأو نهاراً، فقد تمَّ حجّه وقضى تفثه)(١).

واتە: هەر کەسێ نوێژی بەیانی ڕۆژی جەژن لە موزدەلیفە بکات، وە بوەستێت دوای ئەوە تاوەکو تۆزێ دەورو بەر ڕووناك دەبێت پێش خۆر دەرکەوتن، ئنجا بکەوێتە ڕێ بەرەو مینا، وە پێشتریش واتە پێش هاتنی کاتی نوێژی بەیانی ڕۆژی جەژن

---

(١) رواه البخاري/١ ومسلم/١٩٠٧.

(١) صحيح جة (٢٤٤١ ) ، ت ( ٢/١٨٨/٨٩٠).

(١) صحيح جه(٢٤٤٢) ت( ٢/١٨٨/٨٩٢)

لەشەودا یا لە ڕۆژی عەرەفە وەستابێت لە عەرەفات، ئەوە ئەو کەسە حەجەکەی تەواو کردووەو ڕوکنە گەورە بنەڕەتیەکەی بە جێ هێناوە.

**دووەم :** ( الحج عرفة، من جاء ليلة جمع قبل طلوع الفجر، فقد أدرك الحج)[١] .

واتە: حەج عەرەفەیە، هەر کەسێ شەوی وەستان و کۆبونەوە لە موزدەلیفە کە شەوی جەژنە بێتە عەرەفە وە تیایدا بوەستێت کەمێکیش بێت لەو شەوەدا پێش کاتی بەیانی ڕۆژی جەژن، ئەوە فریای حەجەکەی کەوتووە ئەگەرچی لە ڕۆژی عەرەفەش فریای عەرەفە نەکەوتبێت.

کەواتە: هەکەسێ پێش بانگی بەیانی ڕۆژی جەژن فریای وەستانی عەرەفە نەکەوێت حەجەکەی بەر نەکەوتووە، وە دەبێت حەجەکەی بکاتە عومرەو ساڵی دواییش بگەڕێتەوە بۆ حەجەکەی ان شاءالله.

## ڕوکنی سێیەمی حەج: طواف الإفاضة

واتە: ئەو خولانەوەی دەوری کەعبە کە دوای گەڕانەوە لە عەرەفات و موزدەلیفە و مینا ئەنجام دەدرێت لە ڕۆژی جەژن یان لە ڕۆژانی دواتر.

ئەم تەوافەیان ڕوکنی حەجەو بێ ئەنجام دانی حەج بەتاڵەو بەرناکەوێت. خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾(الحج:٢٩) .

واتە: با بخولێنەوە بەدەوری ماڵە دێرینەکەدا.

وە لە فەرمودەیەکدا هاتووە کە عائیشە(ڕەزای خوای لێ بێت) بۆمان دەگێڕێتەوە کە:صەفیەی کچی حویەی خێزانی پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتە حاڵەتی بێ نوێژی مانگانەی، دوای ئەوەی کە تەواف گەڕانەوەی کرد لە عەرەفات، وە عائیشە ئەم حاڵەتی بێ نوێژیەی صەفیەی لای پێغەمبەر ﷺ باس کرد، ئەویش نەیزانی کە تەوافەکەی کردووە بۆیە فەرمووی: ( أحابستنا هي )، واتە: ئایا صەفیە دەبێتە هۆی مانەوەمان و دواکەوتنمان لێرە تاوەکو پاك دەبێتەوەو تەوافەکەی دەکات؟! منیش ووتم کە ئەو دوای تەوافەکەی توشی بێ نوێژی بووە، فەرمووی : دەی کەواتە بابڕوات و هیچی لەسەر نەماوەو حەجەکەی تەواوە[١].

کەواتە لەم فەرموودەیە بۆمان دەرکەوت کە تەواف ئیفازە ڕوکنەو هەر دەبێت بکرێت چونکە ئەگەر صەفیە نەیکردایە ئەوە دەبو بمێنێتەوە تا دەیکرد.

**تێبینی:** ئایا ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئافرەتێکی دەرەوەی وڵاتی سعودیە توشی بێ نوێژی بوو پێش ئەوەی تەوافەکەی ئەنجام بدات، وە قافڵەکەشی لەسەری نەوەستێت تاوەکو پاك دەبێتەوە بۆ ئەنجام دانی ، ئایا حوکمی چیە؟!

**وەڵام:**

١. یان مانەوەو خۆدابڕین تاوەکو پاك دەبێتەوەو تەوافەکەی دەکات و دوایی بە تەنها خۆی و مەحرەمەکەی دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بە سەیارە یان بە تەیارەیەکی تایبەت!! کە ئەم چارەیەش لە تواناد نیەو زۆر زۆر ناڕەحەت و نەگونجاوە بۆ ئەمڕۆ.

---

[١] أخرجه الترمذي ( ٨٩١ )

[١] متفق عليه

٢. وە یان پێی دەڵێن حەجەکەت هەڵوەشێنەوەو بە عومرە قەناعەت بکەو کۆتایی بهێنە بە ئیحرامەکەت و لێی دەرچۆ بۆ عومرە وە ساڵی داهاتوو بگەڕێوە بۆ حەج، چونکە حەجی ئەم ساڵت بەرنەکەوتووە، وە پێویستە حەیوانێکیش بکەیتە خێر لە مەککە چونکە حەجەکەت نەگەیاندە سەر!.

٣. وە یان پێی دەڵێن هەر لە ئیحرامدا بمێنەوەو بەم شێوەیە لەگەڵ قافڵەکەت سەفەر بکەو تاساڵی ئایندە پێویستە لە ئیحرامدا بمێنیتەوە، جا ئەگەر بێ هاوسەربێت ئەوە نابێت مارە بکرێیت و شوبکەیت ، وە ئەگەر هاوسەریشی هەبێت نابێت سەر جێیت بکات ( الجماع )، وە ساڵی ئایندە وەرەوە حەجەکەت تەواو بکە ! !. وە بێگومان ئەو دوو چارەیەی دواییش زۆر گرانن و نەگونجاون و ئەرکێکی وا قورسن کە خوا لە سەری دانەناون.

٤. کەواتە تەنها ئەو چارەیە ماوە کە بڵێین وەزعەکەی تۆ زەرورەتەو ئەوەت بۆ حەلاڵ دەکات[١] ( ان شاءالله) کە لە حاڵەتی بێ نوێژیش دابیت هەر دروستە بۆت تەواف ئیفازە[٢] بکەیت کە زانیت کاتی سەفەری قافڵەکەت هاتووەو لەسەرت ناوەستن. بەلام پێویستە تەواو دامێنی خۆت ببەستیت و خۆت بە پاکی و پتەوی ڕابگریت تاوەکو تەوافەکەت ئەنجام دەدەیت.

## ڕوکنی چوارەمی حەج: هاتن و چوون لە نێوان صەفاو مەروە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بەو هاتن و چوونەی نێوانیان کە فەرمویەتی:(اسعَو فإن الله كتب عليكم السعْيَ)، واتە: خوا لەسەرتانی فەرز کردووە کە بێن و بچن لە نێوان صەفاو مەروەدا.

**تێبینی:** هەر کەسێ تەواف یان سەعی نەکات ئەوە حەجەکەی تەواو نیەو بەرناکەوێت . وە پێویستەو دەبێ هەر بەجێیان بگەیەنێت" چونکە کاتی ئەو دووانە زوو بەسەر ناچێت وەك کاتی عەرەفە. بەلام نابێت بێ عوزر دوایان بخات لە مانگی ذو الحجة.

**تێبینی:** ئەگەر ڕوکنەکانی حەج نەکران بەخوێن قەرەبوو ناکرێنەوە.

## واجبەکانی حەج

١. ئیحرام کردن لە میقاتەوە.

٢. مانەوە لە عەرەفە تا خۆر ئاوا، بە نیسبەت ئەو کەسەی کە لەو ڕۆژەدا دەگاتە عەرەفە.

٣. دابەزین لە موزدەلیفە شەوی جەژن و مانەوە تیایدا تا نوێژی بەیانی دەکات ، بە نیسبەت ئەو کەسەی کە عوزری نەبێت.

بەلگەش فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە فەرموویەتی: (من شهد صلاتنا هذه و وقف معنا حتى ندفع..... فقد تمَّ حجه)، بەلام خاوەن عوزرەکان وەك ئافرەت و پیرو نەخۆش و بێ توانایان و شوان و کاسب کاران ، بۆیان هەیە کە کاتێ مانگ ئاوا بوو یەکسەر موزدەلیفە جێ بهێڵن و بکەونە ڕێ بەرەو مینا.

٤. مانەوەی دوو شەوی دوای جەژن لە مینا، وە هەروەها شەوی سێیەمیش ئەگەر پێش خۆر ئاوابونی ڕۆژی ( ١٢ ) ذوالحجة لە مینا دەرنەچێت. وە تەنها خاوەن عوزرێکی شەرعی ڕوخسەتی پێدراوە کە نەمێنێتەوە[١] .

٥. بەرد هاویشتنە شوێنەکانیان ( رمي الجمرات )، بەڕیز بەم شێوەیە:

---

[١] **بەبەڵگەی** (الضرورات تبيح المحظورات) **کە قاعیدەیەکی فیقهی یە.**

[٢] **ئافرەتی بێ نوێژ تەوافی ماڵ ئاوایی لەسەر نیە.**

[١] بڕوانة: ص.جه (٢٤٦٣ ) و د ( ١٩٥٩ ) و ت ( ٩٦٢ ).

ڕۆژی جەژن حەوت بەرد بهاوێتە ( شوێنی بەرد تێ هاویشتنی گەورە ) کە پێی دەڵێن ( جمرة العقبة ). وە ڕۆژانی دوای جەژنیش ( أيام التشريق ) هەر یەکێ لە سێ ( جەمرە ) کە حەوت بەردی بۆ بهاوێت و بیخاتە ناویان، یەك لەدوای یەك ، کە لەدوای نیوەڕۆوە کاتەکەی دەست پێ دەکات.

٦. قژ تاشین یان کورت کردنەوەی ( الحلق أو التقصير ). واتە: قژ تاشین یان کورت کردنەوە بۆ پیاوان وە لێ برینی بۆ ئافرەتان[٢].

٧. دیاری حەجی تەمەتوع یان قیران ( هدي المتمتع والقارن ) واتە: سەربڕینی حەیوانێك لەسەر ئەو کەسەی کە توانای حەیوان کڕینی هەیە، ئەگینا لەبری ئەوە ( دە ) ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت.

٨. دیاری ئەو کەسەی کە خەڵکی مەککە نیەو حەجەکەی بە ئیسراحەت دەکات ( المتمتع )، یان لەگەڵ عومرە بەیەکەوە بە ( قیران ) دەیکات. کە دیاریەکەش بریتیە لە سەربڕینی حەیوانێك ( مەڕ یان بزن ) لە مەککە، یان لە مینا واتە لە( حەرەم ) وە دابەش کردنی بەسەر هەژارانی حەرەمدا. وە هەر کەسێکیش توانای کڕینی ئەو حەیوانەی نەبوو ئەوە پێویستە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت لە مەککەو حەوتیش کە گەڕایەوە ماڵی خۆی، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ﴾(البقرة:١٩٦).

٩. تەواف ماڵ ئاوایی : ئەمەش واجبە تەنها لەسەر ئافرەتی بێ نوێژ نەبێت. وە ئەو ژن و پیاوو منداڵانەش کە خۆیان نەتوانن تەوافەکە بکەن، ئەوە تەوافیان پێ دەکرێت بە هەڵگرتن یان لێ خوڕین یان هەر شێوازێکی تر لەلایەن کەسێکی ترەوە.

عبدالله ی کوڕی عەباس رضي الله عنه فەرمووی: خەڵکی (واتە حاجیەکان) فەرمانیان پێ کرا کە کۆتاترین کاریان خولانەوە بێت بەدەوری کەعبەدا، بەڵام ئەم ئەرکە سووك کراوە لەسەر ئافرەتی بێ نوێژ، وە لەسەری دانەنراوە[١].

**تێبینی:** هەر کەسێ یەکێ لەواجبەکان نەکات، ئەوە ئەگەر بەویستی خۆی نەیکات ئەوە گوناهبار دەبێت و پێویستە حەیوانێکیش سەربڕێت بۆ هەژارانی مەککە، بەڵام ئەگەر بەویستی خۆی نەبوو ئەوە گوناهبار نابێت بەڵام خوێنەکەی هەر لەسەر دەمێنێت بۆ قەرەبوو کردنەوەی لە کیس چونی واجبەکە.

## هەڵوەشێنەرەوەکانی حەج

( مبطلات الحج )

١. جیماع کردن پێش بەرد هاویشتنە ( جمرة العقبة ).

٢. وازهێنان لە ڕوکنێکی حەج.

## چۆنیەتی بەجێ گەیاندنی کارەکانی عومرەو حەج

## ( چۆن حەج و عومرە دەکەیت؟ )

[٢] بڕوانە: الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز.

[١] متفق عليه

## ڕۆژانی پێش تەرویە
## ( پێش هەشتی (٨)ی ذو الحجّة)

**( ئیحرام کردن ):** بریتی یە لەنیەت و مەبەست بوونی چونە ناو عیبادەتی حەج یان عومرە، وە بەو نیەتە زۆر شتی لەبنەڕەتدا حەلاڵی لەسەر حەرام دەبێت، وەك: جیماع کردن و بۆن لەخۆدان و قژ چاکردن و ڕاو کردن...بۆیە پێی دەوترێت ئیحرام: واتە چونە ناو دائیرەی عیبادەتێك كە چەند شتێکی حەلاڵ تیایدا حەرام دەبێت، سوننەتە بۆ ئەو کەسەی ئیحرام دەکات ( واتە نیەتی دەست کردن بە حەج یان عومرەی هێنا ) سوننەتە بۆی : خۆی بشوات پێش ئیحرام کردن بۆ ئیحرامەکەی وە ئەم سوننەتە بۆ ئەو ژنانەشە کە لە حاڵەتی بێ نوێژی ( **حیض و نفاس** ) دان.

وە سوننەتە- بۆ پیاوان - بۆنی خۆش لە خۆیان بدەن پێش ئیحرام، بەڵام نابێت پۆشاکی ئیحرام بۆنی لێ بدرێت. وە ژنان تەنها بۆیان هەیە کرێم و ڕۆنی سود بەخش و لاشە نەرم کەر لەخۆیان بدەن، بەڵام نابێت خۆیان بۆندار بکەن و عەتر لە خۆیان بدەن، چونکە حەرامە لەسەریان. دوای ئەوە_ئەگەر پیاو بوو _ ئەوە نابێت هیچ جلێکی دوراو بۆ لەبەر کردن لەبەر بکات، بەڵکو تەنها بەدوو پارچە قوماش خۆی دادەپۆشێت، پارچەیەکیان لە ناوکەوە تا ئەژنۆی پێ دادەپۆشێت و لەدەوری خۆی دەئاڵێنێت پێی دەوترێت ( إزار ) وە پارچەی دووەمیش سك و پشت و سەر شانەکانی پێ دادەپۆشێت پێی دەوترێت (رداء)، وە نەعلەکانی یان پێڵاوەکانی خۆی دەکاتەوە پێی بە مەرجێك گوێزینگەکانی دانەپۆشێت، وە سوننەتە دوو پۆشاکەکەی سپی بێت وە نابێت هیچ شتێك بکاتە سەری، وە پێویستە سەری ڕووت بکات لەبەر خوا، بەڵام هەرشتێکی تر لەسەر سەریەوە بێت وەك ( چەترو سەقفی سەیارەو خێمە) زەرەری نیەو دروستە، چونکە تەنها ئەو شتە قەدەغەیە کە ڕاستەوخۆ بەسەریەوە بێت، وەك: ( کڵاو و مێزەر....). وە دروستە پشتێن ببەسترێت لەسەر ( إزار)ەکەی وە دروستە جانتا بکرێتە مل و سەعات بکرێتە دەست بەڵام ئافرەت هیچ لە جلەکانی خۆی دانانێت و هەر بە جلەکانیەوە دەچێتە ئیحرامەوە بەڵام نابێت نیقاب بکات و دەستەوانەش نابێت بکاتە دەستی کاتی ئیحرام ( کەواتە سوننەتە ئافرەت بۆ دەرەوە وە هەروەها لە بەرامبەر پیاوی بێگانە نیقاب بکات و دەستەوانەشی لەدەست بێت ئەگەر لە ئیحرامدا نەبێت). وە لەکاتی ئیحرامیشدا دروستە بەلایەکی لەچکەکەی یان بەپارچە پەڕۆیەك دەم وچاوی داپۆشێت بەڵام نابێت نیقاب ببەستێت، وە دروستیش نیە دەم و چاوی خۆی بخاتە پێش چاوی بێگانە. وە کە گەیشتە میقات (شوێنی ئیحرام بەستن)[1] واجبە ئیحرام بکات لەوێ[1] بە دڵ و بەزمان و بەکردەوە- بەدڵ نیەتی بێت کەدەست دەکات بەو عیبادەتەی کە بۆی هاتووە جا حەج بێت، یان تەنها عومرە - وە بەزمان بەدەنگی بەرزەوە دەڵێت:( لَّبيك اللهُمَ عمرة ) ئەگەر بیەوێت تەنها عومرە بکات یان عومرە و حەج بکات

---

[1] **ئەهلی مەدینە میقاتیان** ذوالحُليفة **)یە، لە** ( وادي العتيق ) **کەخەڵکی بەهەڵە ناویان ناوە** ( أبيارعلي ).**وە ئەم شوێنە کە** ( ذوالحليفة )**یە ئێستا بووە بەمیقاتی ئەهلی عێراقیش، چونکە بەمەدینەدا دەڕۆن بۆ مەککە، وە** ذوالحليفة ) **شوێنێکی زۆر پیرۆزو موبارەکە، وە سوننەتە دوو ڕەکعەت سوننەت بکرێت لەمزگەوتی**( ذوالحليفة ) **لە بەر پیرۆزی شوێنەکە نەك لەبەر ئیحرام کردن. وە پێغەمبەرﷺ ئەم دوو ڕەکعەت سوننەتەی کردووە.**

[1] **دروست نیە پێش میقات یان دوای میقات ئیحرام بکات.**

بەئیسراحەت ( تمتع ). بەڵام ئەگەر ویستی بەیەکەوە بیـــانکات (قران ) بەبێ ئیســـراحەت، ئەوا دەڵێت: ( لَّبيك اللهُمَ عمرة وحجّاً ) وە ئەگەر بیەوێت تەنهاحەج بکات بەبێ عومرە ئــــەوە دەڵێت:(لبّيك اللهم حجّاً).

## جۆرەکانی حەج:

موسوڵمانی حەج ویست، سێ جۆر حەج کردن هەیە:

١- ( **الإفراد** ): حەجی بێ عومرە[1]

٢- ( **قــران** ): حەجی بەستراو بە عومرە. واتـە هەردووکیان یەك ئیحرامیان بۆ دەکرێ.[1]

٣- ( **تَمَتُّع** ): حەجی دوا عومرە بەئیسراحـــەت، دوای ئیحرام شکانی عومـــرە تـەواو بـوون، ئینجا ئیحـــرامێکی تایبـەت دەکەیت بۆ حەج لەڕۆژی: (٨ ی ذوالحجة ).[1] وە باشترین و خێرترینیان ئەوەیە کە پێغەمبـەر ﷺ فـەرمانی پـێ کـردوین کەحەجی ( تەمەتوع)ـە. چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتـــــــی:

١- ( يا آل محمد من حج منكم، فليهل بِعمرة في حجة )[1]. واتـە: هـەر کەسـێ لـەئێوە حـەجی کـرد، ئـەوە بـــا دەنگـی بـەرز بکاتەوە بەتەلبیە کردن بەنیەتی ئیحرام کـردن بـە عومرەیـەك کـە بەئیســــراحەت بیگەیـەنێ بەحـــەجـەکە واتـــــە ئـەی ئالی

---

[1] **حەجی تاك ( بێ عومرە ) (الأفراد ) لەو شێوەیاندا حاجی ئیحرام دەبەستێت بەحەج، واتـە تـەنها نیـەتی حـەج دەهێنێت لـەمیقات ودەڵێت:( لبيك اللهم حجّه). وە کە گەیشتە مەککە وەستانی پێش عەرەفە تەوافێك دەکات، واتە حەوت جـار بـەدەوری کەعبـەدا دەخولێتـەوە، بـەم تەوافـەش دەڵـێن : ( تەوافی قودوم ) واتە تەوافی هاتن بۆ بـەیت، وە هـەروەها پێشـی دەڵـێن : ( تـەوافی زیـارەت ) واتـــە بـەهۆی زیـارەتی مەککـە تـەواف دەکـات، وەئـەم تەوافەش تەنها سوننەتە، نە واجبەو نەڕوکنە. دوای تەوافەکە، ئەگەر حەز بکات هاتووچۆی واتە (السعي ) نێوان سەفاو مەروەش بکـات بـۆ حەجەکەی، ئەوە بۆی هەیە هەر ئەو کاتە بیکات، وە هیچ جاری تر سـەعی نێـوان سـەفاو مـەروەی لەسـەر نامێنێـت، واتـە دوای گەڕانـەوەی لـە عەرەفـە تـەوافی حـەج دەکـات کـەپێی دەڵـێن : (طواف الإفاضة) بێ سـەفاو مـەروە، وە پێویسـتە لـە ئیحرامـدا بمێنێتـەوە بێ تاشـین یـا کـورت کردنـەوەی قـژی لەسەرەتاوە کە ئیحرامی بەست تاوەکو (ڕەمی جەمرەی عەقەبە ) دەکـــات ڕۆژی جەژن.**

[1] **حەجی هاوتا لەگەڵ عومرە (القران). لەو شێوەیاندا نیەتی حەج وعومرە بە یەکەوە دەهێنێت و ئیحـرام بە هەردوکیان دەکـات و دەڵێت:** (لبيك اللهم حجّة وعمرة). **وە کە گەیشتە مەککە تەوافی هاتنی بەیت:( تەوافی قـــودوم) دەکـات کەتـەنها سوننەتە، وە بـە ئـارەزووی خۆشیەتی کەسـەعی نێوان سەفاو مەروە لەبری حـەج و عومرەکـەی ئـەو کاتـە بکـات، یـا دوای گەڕانـەوە لـە موزدەلیفـە وە لەئیحرامـدا دەمێنێتـەوە تاکـــو ڕۆژی جـەژن وە تـەنها کارەکانی حەج وەبری حەجەکەیشی وعومرەکەیشی ئەکەوێت. واتە تەنها یەکجار لـە سـەریەتی تـەواف بکـات کەتەوافـی ئیفازەیە دوای گەڕانـەوە لـە عەرەفە وە تەنها یەك جار حـەوت ڕۆیشتنەکەی نیوان سەفاو مەروەی لەسەرە. بەڵام پێویســــتە لەسەری حەیوانێك سەرببڕێت و بیکاتـە دیـاری بـەیت و بەســـــەر هەژارانـی حەرەمدا تەوزیعی بکات، لە پاداشتی ئەوەی کەبەتەنها یـــەك تەواف وسەعی دوو عیبادەتەکەی حەج وعومرەی لەسەر لاچووە.**

[1] **حەجی ئیسراحەت** (التمتّع): **لـەو شێوەیاندا لە مانگەکانی حەج لە میقاتەوە ئیحرام تەنها بـە عومـرە دەبەستێت، وە کـە گەیشـتە مەککـە ( تـەوافی عومرە ) دەکـات کە لە بری تەوافی قودومەکەشیەتی، وە دوای تـەواف هاتـــن و چـوونی نێـوان سـەفاو مـەروە دەکـات. وە لـەم شێوەیاندا هەریـەك لـە تەوافەکەی و سەعیەکـەی ڕوکنن بۆ عومرەکەی. دوای ئەوە قژی دەتاشێ یا کـورتی دەکاتـەوەو لـە ئیحرامـــی عومرەکـەی دەردەچێت. وە کـە ڕۆژی** (٨ی ذوالحجة)**هات ئیحرام دەکاتەوە بەحەج لەشوێنی خۆیەوەو دوای عەرەفـەو موزدەلیفە، تەواف و سەعیـەکی تـریش دەکـات کـە ڕوکنـی حەجـەکەیەتی ، وە ئەویشیان دیاری حەیوان سـەربڕینـەکـەی لەسەرە لـە پاداشتی ئیســـراحەتەکەی نێوان حەج وعـومرەکـەی.**

(١) **سلسله الاحاديص الصحيحه** (٢٤٦٩ ).

محمد هـــەریەکێ لەئێوە حـــەج بکات با یەکەم جار نیەتی عومرە بێنێت لەو حـەج کردنەیدا، واتە با سەرەتا ئیحرام بۆ عومرە ببەستێت و بڵێت: ( لَّبيك اللهُمَ عمرة). وە دوای ئەنجامدانـــی چوار کارەکانی عـومرە، لـە ئیحرامەکەی دەردەچـێت چونکە عومرە تەواو دەبێت و دەگەڕێتەوە سەرحاڵەتـی حەلاَّلی پێش ئیحرام کردن، وە بە ئیسراحەت چـاوەڕێ دەکات تا ڕۆژی (٨ ی ذوالحجة ) ئـەو کاتە ئیحـرام دەکـات بـــۆ حـەج و دەڵێـت: ( لبيك اللهم حجا) وە دەست دەکـات بـــە ئەنجامدانی کارەکانی حەج، وە هەر کەسێك یەکەم جار ئیحرامی کرد بە نـاوی حەج ئەوە واجبە نیەتی حـەج هەڵوەشـێنێتەوە لە ئیحرام بەستنەکەی، وە نیەتی عومرە بێنێت لە ئیحرامەکەیـــدا ئەگەر حەیوانی لەگەڵ خۆی نەهێنابێت بۆ مەککە[(١)].

٢- وەفەرموویەتیﷺ :( دَخَلَتِ العمرَةُ في الحَجِّ الي يوم القيامة )[(٢)].واتە: عومرە چۆتە ناو حـەج تـا ڕۆژی قیامـــەت. کەواتـــە دەبێت لە پێش حەجدا عومرە بکـــات سەربەخـۆو بەئیحرامی تایبەت.

وە ئەگەر پێغەمبەری خوا ﷺ حەیوانی لەگەڵ خۆیـــدا نەبردایە، ئەوە حەجەکەی دەگۆڕی بۆ عـومرەو دوایی بـــە ئیسراحەت بە ( تمتع ) حـــەجەکەی دەکرد، وەك خـــۆی فەرمووی.

٣. وەفەرموویەتیﷺ :(لو أني استقبلتُ من أمري ماﺍستدبرت، ماسُقتُ الهديَ حتى أشتريه ثم أحل كما حلّوا )[(١)].

بـەڵام ئەگـەر کەسـێك نیـەتی عـومرەی هێنـا لـە ئیحــــرام بەسـتنەکەی، وە بـەهۆی ڕێگرێـك نـەیتوانی تـەواف و سـەعی (سووڕانەوە بەدەوری کەعبە و سـەعی نێوان سـەفاو مـەروە) بکات پـێش ڕاوەسـتانی عەرەفـە ئـەوە نیـەتی عومرەکـــــەی دەگۆڕێت بۆ حەج و عومرە بۆ ئەوەی تەنها یەك جار تەواف و سـەعی بکات لـەبری عومرەکەیشـــی و حـــەجەکەیشی، کەواتە جۆری حەجەکەی دەگۆڕێت لە( تمتع ) بۆ ( قران )، وە بەیەك ئیحرام بەجێیان دەهێنێت[(٢)].

## دوای ئیحرام کردن چی دەکەیت؟
## وە مانای تەلبیە ( لَبَّيكَ ) چیە و چیش دەگەیەنێت؟!

دوای ئەوە دەکەویتـە ڕێ بۆ ( مەککە )و بـــەردەوام بەدەنگی بەرزەوە تەلبیە دەکەیت واتە دەڵێیت:

( لَبَّيك اللهم لبَّيك، لبيك لاشريك لك لبَّيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك ).

واتـە: ئەی پەروەردگـــارم وەڵامـی تـۆ دەدەمـــــەوەو داواکاریـەکانت بـەجێ دەگـەێنم و فەرمانـەکانت جـێ بـەجێ دەکـەم بە بەردەوامی و پابەند دەبم بە گوێڕایەڵی تۆ جار لەدوای جار. وە وەڵامی تۆ دەدەمەوەو پابەندی عیبـادەت کردنت دەبم چونکە تۆ هیچ شەریك و هاوبەشێکت نیـــە لە هیچ ڕوانگەیەکەوە نە لەپەرستراویەتیدا وە نە لە پەروەردگاریەتیدا وە نە لەناوو سیفاتـە

---

(١) **بەڵام ئەو کەسەی ئیحرامی کردوە بۆ حەجی تەنها** إفراد)، **یان حەجی بەستراو بەعومرە** (قران )، **ئەگەر دواکەوت و کـاتی نـەما بۆ تـــەواف بـە دەوری کەعبە و سەعی نێوان سەفاو مەروە بۆ ئەوەی ئیحرامەکەی بکات بـە عومرەو دوای تـەواف وسـەعی و قـژ کـورت کردنـەوە هـەڵی وەشـێنێتەوەو دوای ئـەوە جارێکی تر ئیحرام ببەستێتەوە بۆ حەج و بە ڕاوەستانـی عەرەفە ڕابگات، ئەوە لەو حاڵەتەدا دروستە ئەو کەسە دواکـەوتووە هـەر لەسـەر ئیحرامەکـەی خۆی بمێنێتەوە کە بۆ حەجی تەنهایی بەستبووی یان بۆ (قران)** .

(٢) **أخرجه أحمد.**

(١) **صحيح مسلم/١٢١٨.**

(٢) (بِروانة: الشرح الممتع-٧/١١٠_١١١ ).

بـــــەرزو جوانەکانتدا. وە هەموو سوپاس وستایشێك هەر بۆ تۆیــەو هەموو نیعمەت و خێرو بێرێکیش هەر لە تۆوەیە. وە موڵك و دەسەلأت و خاوەنێتیش هەر بـــۆ تۆیـــــە.

هیچ شەریکێکت نیە لە موڵــکایەتی و نیعمەت ڕشتــن بەسەر بەندەکاندا، کەواتە تەنها تۆ شــایستەی ئەوەی سـوپاس بکرێیت و وەلأمت بدرێتەوەو پەرســـــتنت بۆ بکرێت و هاوارت بکرێتیّ و داوای یارمەتیت لیّ بکرێت و پشـتت پـیّ بپەسـترێت و بـە گـەورە دابنرێیت و خۆش بویسترێیت و ملکەچیت بۆ بنوێنرێت و مـاڵ و گیانت بـۆ ببەخشـرێت وقوربانیت بۆبکرێت، چـونکە تـەنها تـۆ پەرستـــراوو ئیلاهی حەقیت. وە هیچ یەکێکی تر هەرچەندە پلەشــی بەرزبێت و لای خوا خۆشەویست بێت ( وەك پێغەمبـەران و پیــاوچاکان ) شایستەی هیچ کام لەو عیبادەتانەی پێشو نین و نابێت لەگەڵ خوا بەگەورە دابنرێن و وەك ئەو خۆش بویسـترێن و زەلیلیان بۆ بنوێنرێت و نابێت سـوێندیان پـیّ بوخرێت و هاواریـان بکرێتـیّ و داوای فریاکەوتنیـان لیّ بکرێت و پشـتیان پـیّ ببەسترێت و سەربڕینیـــان بۆ بکرێت و خێریان بۆ لەخۆ بگیرێت( نذر ). وە هـــەر کەسێك ئەمانە بکات بـۆ پێغەمبـەران یـان بـۆ ئەولیـــاو پیاو چاکان ئەوە شەریکی بۆ خوا داناوەو تووشی کوفر بـــووە ئەگـەر بشـڵێت مـن دەیـان کەمـە واسیتەو وەسیلــەو شەفاعەت کار هەر کوفرەو بریتیە لە هەمان شیرکــی موشـریکە کافرەکـانی کـۆن کـەدەیان ووت: ﴿ مَانَعْبُدُهُـم إِلأَّلِيُقَرِّبُونا إِلَى اللهِ زُلْفَى ﴾(الزمر:٣). واتە: ئێمە پەرستن و هاوارکـردن ناکەین بۆ پێغەمبەران و پیاو چاکان تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە لە خوا نزیکمـان بکەنەوە ! !وە دەیان وت:( هؤلاء شفعاؤنا عنداللە).

واتـە: ئەمانەی ئێمە هاواریـــان دەکەینیّ و داوایان لیّ دەکەین بۆمان لەخوا دەپاڕێنەوەو شەفاعەتمان بۆدەکەن ! وە بەهـۆی ئەم واسیتە و شەفاعەت دانانەوە خوا بەکافـر و موشریکی دانان، چونکە دەبێت تـەنها هـاوار بـــکرێتە خـوداو داوا لـەو بکرێـت، بـەر شەفاعەتی پیاوچاکـان و پێغەمبەرانت بخات، نەك ئەوان بکەیتە واسیتەو داوای شەفاعەت لەئەوان بکەیت چونکـــە ئەوە هـەمان کوفرو شیرکەکەی موشریکانە وەهەروەها خوای گەورە وەك ئەو کاربەدەستە ستەمکارو بـیّ دەسەلأت و بیّ ئاگایانەی دونیـا نیـە تاوەکو پێویستی بە واسیتە بکات، وە نابێت تەشبیهی خـوا بکـەین بـە ئـەوان و کـوفرە بڵـێین: چـۆن لـە دونیـا پێویسـتیمان بـە واسیتــە هەیە بۆ لای کار بەدەستان ئاواش بۆ لای خوا ! نابێت ئیعتیقادت وابێت. کەواتـە بـرای حـاجی وریابـە لـە شـەریك بـۆ خوادانان لە هاوارکردن و داوای فریاکەوتن کردن لەپێغەمبەرﷺ و شێخ عبدالقادرو پیاو چاکانـــی تریش وە هاوار نەکەیتە ئەوان و داوای هیچ شتێکیان لیّ نەکەیت، چونکە ئەوانە هەرچـەندە کـە پیاوچـــاك و ئـەولیا بـوون لـەدونیا مـردون و هـیچ شـتێکیان لـە دەسەلأتدا نیە بۆ تۆی بکەن. وە ئیعتیقـاد بونـت بــــە ئـەوان و هـاوارکردن و خێـرو نـەزر کردنـت بـۆ ئـەوان کـوفرو شـیرکە، وە هەروەها لەسەر گۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ وریابە لەو نەپاڕێیتەوەو هاواری نەکەیتیّ چونکە ئەوە کوفرو شیرکە جا بەهەر ناوێك بێـت، بـەڵکو بڵـیّ: ئـــەی خـوای پـەروەردگار لـە تـۆ دەپاڕێمـەوەو هـاوار دەکەمــە تـۆ کـە بـەر شـەفاعەتی پێغەمبـەرﷺ و( ئەبوبـــەکرو عومەر)م بخەیت، سەلامیان لیّ بکەو دوعای خێریان بۆ بکـە بـەلأم ئەگـەر هـاوار بکەیتـە پێغەمبـەران و پیاوچاکـــان دوای مردنیان ئەوە شیرکت کردووە حەجەکەت لیّ قبـوڵ ناکرێت، چونکە شیرك هـەموو کردەوەکانـت لیّ هەڵدەوەشێنێتەوە، وە لە زەرەرمەنـدان دەبیــت و تـەنها ماندووبونت بـۆ دەمێنێتـەوە لەحەجەکـەت وەك خـوای گـەورە فەرموویـەتی : ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ الْخَاسِرِينَ﴾(الزمر:٦٥). ئەو کاتە حاڵت وەکـو حـاڵی ئـەو موشـریکانەی لیّ دێـت کـەپێش پێغەمبـەرﷺ حەجیان دەکردو شیرکیشیان بۆ خوا دادەنا بەناوی واسیتەو شـەفاعەتکار دانانـەوە، وە لـە تەلبیـەی حەجدا دەیـان وت: ( لبَّيك اللهم لبَّيك، لبَّيك لاشريك لك لبَّيك، إلا شريكا تملكه ومالك) .

واتە موشریکەکان دەیان ووت: وەڵامی تۆ دەدەینەوە ئەی پەروەردگار بۆ حەج، وە تۆ هیچ شەریکت نیە تەنها شەریکێك نەبێت کە ئەویش هەر موڵکی خۆتەو لە تۆ نزیکە بۆیە ئیمە دەیکەینە واسیتەی خۆمان بۆ نزیکبوونەوە لە تۆ وە شەفاعەت کردن بۆمان لای تۆ بەڵام تۆی موسوڵمانی تەنها خـــوا پەرست بەدەم وە کو موشریکەکان ناڵێیت: ( لاشريك لك إلا شريكا تملكة وماملك ) کەواتە بەئیعتیقادیش شەریکی بۆ دامەنێ و ئیعتیقادت بەغەیری خوا نەبێت و بەدەمیش هاوار مەکە غەیری خوا بەکردەوە شەریك بۆ خوا دامەنـێ و بەناوی ( واسیتە ) و(شەفاعەت ) و ( وەسیلە ) و ( تـــەبەڕوك )! کەواتە برای حاجی بە بیروباوەڕێکی خاڵیسو تەنها خواپەرست و ڕوو لە خواو ئیعتیقاد بوو بە خواو ، بە دەنگی بەرز بەردەوام دوای ئیحرام خوا بە تەنها و بێ شەریك دابنێ وبڵێ: ( لبَّيك اللهم لبَّيك، لبَّيك لا شريك لك لبَّيك إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك ) وە سوننەتە بەدەنگی زۆر بەرز ئەم تەلبیە بکات و تەلبیەکردن لە ( شعائر الحج )ە وە کە گەیشتە شاری مەککەو ماڵەکان وە دەرکەوتن کۆتایی دێنێت بە تەلبیەکردن بۆ ئەوەی دەست بکات بەم کـــارانەی داهاتوو : وە سوننەتە ئەگەر بۆت بگونجێت پێش چونە ناوشاری مەککە خۆت بشۆریت و بە ڕۆژیش بچیتە ناو شار وەك پێغەمبەرﷺ وە لە هەر لایەو هەر ڕێگایەکەوە بچیتە ناوشاری مەککە هەر دروستە وە کە وویستت بچیتە ناو مزگەوت ( المسجد الحرام ) قاچی ڕاستت پێش بخەو ئەو دوعایە بکە: (اللهم صل على محمد وآله، اللهم افتح لي أبواب رحمتك)، وە کە چوویت بۆ ژوورەوەی مزگەوت و کەعبەت بینی دەستەکانت بەرز بکەرەوەو دوعای خێر بکە ئەگەر حەزت کرد.

## تەوافی هاتن بۆ ماڵی خوا

یەکسەر دوای ئەوە دەچێت بەرەو بەردە ڕەشەکە ( الحجر الاسود ) وە رووی تێدەکەیت و لە ئاستی بەردەکە لەبەرامبەری دەڵێت: (بسم الله، الله اكبر ) وە دوایی بەدەستت دەست دەهێنیت بە بەردەکەدا، بەدەمیش ماچی دەکەیت وسوجدەی لەسەر دەبەیت ئەگەر بۆت گونجا.

وە ئەگەر هیچ کام لە سوجدە لە سەر بردن و ماچ کردن و دەست لێ دانیش نەتوانیت، ئەوە تەنها لە دوورەوە لە بەرامبەری خۆی دەستی راستت بەرز دەکەیتەوەو ئیشارەتی پێ دەکەیت بۆ لای بەردەکە. وە لە هەموو سوڕانەوە یەکدا بەدەوری کەعبە ئەمەی پێشوو دووبارە دەکەیتەوە. بەڵام گوناهە ئازاری خەڵکی بدەیت و ناڕەحەتیان بکەیت بۆگەیشتن بە بەردە ڕەشەکە. وە بەتایبەتی زۆر گوناهە بۆ ژنان کە بەناو پیاوانداو پاڵە پەستۆ بکەن بۆ گەیشتن بە بەردەکە، چونکە پاڵەپەستۆی ژنان وپیاوان بە یەکەوە حەرامە گوناهێکی گەورەیە، بەڵام دەست لێدان و ماچ کردنی بەردەکە تەنها سوننەتە نەك واجب. کەواتە چۆن بۆ سوننەتێك خۆت توشی حەرامێکی گەورە دکەیت؟.

دوای ئەمە دەست دەکەیت بە سوڕانەوە ( طواف ) بە دەوری کەعبەداو کەعبە دەخەیتە لای چەپتەوە لە سوڕانەوەکەتدا، وە کە گەیشتیە ڕوکنی یەمانی ( واتە ئەو سوچەی دیواری کەعبە کە بەرەو وڵاتی یەمەنە ) دەستی لێ دەخشێنیت_ بەڵام ماچی ناکەیت، وە ئەگەر ئیزدیحام بوو پاڵەپەستۆ مەکە بۆ دەست لێدانی، چونکە تەنها سوننەتەو واجب نیە. وە هەروەها کەدەستت لێ نەدا سوننەت نیە لە دوورەوە ئیشارەتی بۆ بکەیت وەك(حجر الاسود ). وە دروست نیە دوو ڕوکنەکەی تری کەعبە کە ڕوویان

لە شامە ماچ بکەیت یادەستیان پێدا بهێنیت. وە سوننەتە لە نیوان ڕوکنی یەمانی و ڕوکنی حجر الأسود بڵێیت: ( ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار). وە کە گەیشتیتەوە ئاستی بەردە ڕەشەکە ئەوە خولت تەواو کرد لە تەواف، وە بە هەمان شێوە شەش جاری تریش دەخولێیتەوە.[١]

بەڵام سوننەتە لەسێ خولی یەکەم تۆزێك بەخێرایی و بە پەلە بسوڕێیتەوە لەنێوان ڕۆیشتنی ئاسایی و ڕاکردندا بێت، وە بەو شێوە ڕۆیشتنەش دەووترێت: ( الرمل )، بەڵام لەچوار جار سوڕانەوەکەی دوایی بە ڕۆیشتنێکی ئاسایی دەسوڕێیتەوە.وە هەروەها سوننەتە شانی ڕاستت ڕووت بکەیت و ناوەڕاستی جلی سەرەوە( رداء )ی ئیحرامەکەت بخەیتە ژێر باڵی ڕاستت ، وە دوو لاکەیشی بیخەیتەوە سەرشانی چەپت. وە بەم شێوازەش دەڵێن:( الإضطباع ).

وە سوننەتە دەست نوێژت هەبێت بۆ تەواف کردن، وە زۆر لە زانایان دەڵێن مەرجەو تەواف بێ دەست نوێژ دروست نیەو بەر ناکەویت.

وە لەکاتی ( طواف )دا هەر دوعایەك بکەیت دروستە بە مەرجێك تەنها هاوار بکەیتە خواو داوا لەو بکەیت. وە هیچ جۆرە دوعایەکی تایبەت بە ( طواف ) نیەو نابێت بێ بەڵگە هیچ دوعایەکی بۆ تایبەت بکەین. وە نابێت ئافرەت لەکاتی بێ نوێژی (حيض )دا تەواف بکات.[١]

وە کە جاری حەوتەمی تەواو کرد لە **( طواف )** و گەیشتەوە ئاستی بەردەکەو (الله اکبر) ناکات و دەست بەرز ناکاتەوەو بە بەردەکەی دا ناهێنێت و ماچی ناکات، چونکە ئەم شتانە تەنها لەسەرەتای خولانەوەن نەك لەکۆتایی. وە شانی ڕاستیشی دادەپۆشێتەوەو دەچێتە پشت شوێنی ڕاوەستانی ئیبراهیم ( مقام ابراهيم). وە ئەم ئایەتە دەخوێنێتەوە:﴿ وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ﴾(البقرة:١٢٥) وە دوو ڕەکعەت نوێژی سوننەت دەکات لەپشت (مقام ابراهيم ) لە نیوان تۆو کەعبەدا دەبێت لە کاتی دوو ڕکات نوێژەکەت. وە دروست نیە نوێژی قەڵا بگێڕیتەوە لەجیاتی سوننەتەکان.

وە سوننەتە لە ڕەکعەتی یەکەمدا لە دوای خوێندنی فاتیحە، سورەتی:﴿ قل يا أيها الكافرون ﴾(الكافرون:١) بخوێنیت. وە لە دووەمیشدا ﴿ قل هو الله أحد ﴾(الإخلاص:١). وە لە دوای یەکێکەوە نوێژەکەت بکەو مەهێڵە کەس لەنێوان تۆو ئەودا بڕوات بە پێش نوێژەکەت، وە تۆش بە پێش نوێژی کەسدا مەڕۆ با لە مزگەوتی مەککەو مەدینەش بێت؛ چونکە ڕۆیشتن بەپێش نوێژی خەڵکیدا گوناهێکی زۆر گەورەیەو حوکمی ئەم دوو مزگەوتەش وەك مزگەوتەکانی تر وایەو هیچ حەدیسێکی ڕاستیش نیە کە ئەم دوو مزگەوتە جیا بکاتەوەو بڵێت دروستە بە پێش نوێژدا بڕۆیت، کەواتە وریابە. وە دوای ئەم دوو ڕکاتە، سوننەتە بچیتە خوارەوە بۆ لای ئاوی زەمزەم و لێی بخۆیتەوەو بیکەیت بەسەرتدا، چونکە ئاوێکی پیرۆزەو شیفای نەخۆشە.

---

**[١] ئەگەر لەکاتی سوڕانەوە بە دەوری کەعبەدا یا لەنێوان سەفاو مەروە قامەت کرا بۆ نوێژ ئەوە تۆش لەگەڵ جەماعەت نوێژەکەت بکەو دوایی لەکوێ وەستابوویت لە وێوە دەست پێ بکەوەو تەواوی بکە.**

**[١] وە ئەگەر لە (حيض) پاك نەبووە تا ئەو کاتەی کە ترسا لەوەی فریای وەستانی عەرەفە نەکەوێ، ئەوە ئەگەر نییەتی عومرەی بوبێت دەیگۆڕێت بۆ حەج وعومرە ( قران )، وە دەچێت بۆ عەرەفەو دوایی تەنها یەك تەواف وسەعی دەکات بۆ حەجەکەیشی و عومرەکەیشی لە ڕۆژی جەژن، یان سێ ڕۆژەکەی دواتر تا کۆتایی مانگی (ذوالحجة ). وە ئەگەور پێش تەوافی ئیفازە ( تەوافی گەڕانەوەو دابەزین بۆ مەککە) ئافرەت کەوتە بێ نوێژی (حيض يان نفاس) ئەوە پێوستە چاوەڕێ بکات تاوەکو پاك دەبێتەوە، ئەو کاتە تەوافەکەی بکات.**

دوای ئەمە دەگەڕێیتەوە بۆ لای بەردە ڕەشەکەو ئەگەر توانیت دەستی دەکەیتێ و ماچی دەکەیتەوە، ئەگەر ئیزدیحامیش بوو دەچیتە سەر خەتە رەشەکەو بەرامبەر بەردەکە دەست بەرز دەکەیتەوەو ئیشارەتی بۆ دەکەیت و دەڵێیت:( بسم الله ، الله اکبر ). وە دروستە سنگ و دەم و چاوو دوو دەستەکانت بەو لا دیوارەدا بهێنیت کە لە نێوان دەرگای کەعبەو بەردە ڕەشەکەدایەو پێی دەوترێت : ( الملتَزَم ).

وە دروستە لەو کاتەدا دوعا بکات و وە دروستیشە لەئاستی دەرگای کەعبە بوەستێت و دوعا بکات بێ ئەوەی دەست و سنگی بە دیوارەکەوە بنێت. بەڵام ئەگەر لە ئاستی دەرگا تێپەری بۆی ناگەڕێتەوەو ئاوڕی بۆ ناداتەوە.

## هاتن و چوون ( السعي )
## لە نێوان سە فاو مەروە

ئینجا لە دەرگای سەفا ( الصفا )وە دەڕۆیت بەرەو تەپۆلکەی سەفا، وە کە نزیك بویتەوە ئەم ئایەتە دەخوێنتەوە:﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ (البقرة:١٥٨) وە دەڵێیت: ( نبدأ بما بدأ الله بهِ ) واتە لەسەفاوە دەست پێ دەکەم بە (سەعی). ئنجا دەچیتە سەر تەپۆلکەی سەفا تاوەکو کەعبەت لێ دەردەکەوێت .وە ڕوو دەکەیتە کەعبەو دەڵێیت: ( الله اکبر، الله اکبر، الله اکبر لا إله إلا الله وحده لاشریك له، له الملك و له الحمد، یحی ویمیت وهو علی کل شيٍ قدیر لا اله الا الله وحده لا شریك له، أنجز وعده ونصرَ عبدَه وهزَم الاحزابَ وحده). سێ جار ئەم زیکرە دەکەیت و سوننەتە لە نێوان ئەم سێ جار زیکرە دوعای خێر بکەیت. لە پاشان شۆڕ دەبیتەوە لە سەفاوە بەرەو تەپۆلکەی مەروە. وە کە لەم ڕێگای نێوان سەفاو مەروە گەیشتیتە خەتە سەوزەکە بە خێرایی و بەپەلە دەڕۆیت تا دەگەیتە خەتە سەوزەکەی دووەم .

بەڵام ئافرەتان پەلە ناکەن لە ڕۆیشتن لە هیچ شوێنێك مەگەر چۆل بێت و لە پیاوان دیار نەبن، ئەو کاتە دروستە بۆ ئەوانیش لەم شوێنانە بە پەلە بڕۆن. لە پاشان بەئاسایی دەڕۆیت بەرەو مەروە تا سەردەکەویتە سەری، ئەو کاتە چیت کرد کاتی گەیشتنە سەفاو لەسەر سەفا، هەمان شتیش دەکەیت و دەڵێیت: ( لەڕوکردنە کەعبەو، الله اکبر ولا إله إلا الله و، دوعا ). بەڵام هیچ جاریتر ئایەتەکە ناخوێنیتەوە. وە ئەمە بەیەك جار (شوط) دا دەنرێت لە سەعی. وە دوایی دەگەڕێیتەوە بۆ سەفاو بەم شێوەیەی کەهاتیت بۆ مەروە. وە کە گەیشتیتەوە سەفا وەك جاری پێشوو دەکەیتەوەو بەمە دوو جار (٢ شوط) تەواو دەبێت. وەبەم شێوەیە پێنج جاری تریش دەڕۆیت لە نێوانیاندا، وە جاری حەوتەم لەسەر تەپۆلکەی مەروە تەواو دەبێت. وە سوننەتە لە ڕۆیشتنەکەی نێوان سەفاو مەروە ئەم دوعایە بکەیت:( رب اغفر وارحم إنك أنت الأعز الأکرم ). وە کە حەوت جار ڕۆیشتنەکەی نێوان سەفاو مەروەت تەواو کرد قژت کورت دەکەیتەوە. بەم چوار ئیشەکە( ئیحرام ) و ( سوڕانەوەی دەوری کەعبە ) و ( ڕۆیشتنی نێوان سەفاو مەروە ) و ( قژ کورت کردنەوە )بوو عومرە تەواو دەبێت. وە بەمە ئیحرامەکەت دەکەیتەوە هەموو ئەو شتانەی کە کاتی ئیحرام لێت حەرام کرابوون بۆت حەلاڵ دەبنەوە تائیحرام بەستنەوەت بۆ حەج ڕۆژی (٨ی ذوالحجة).

## ڕۆژی یەکەمی حەج

## ڕۆژی ( ٨ی ذوالحجة ) ئیحرام کردن بۆ حەج.

لە ڕۆژی هەشتەمی ( ذوالحجة ) کە پێی دەوترێت:( يوم التروية ) لە شوێنی خۆتەوە لە مەککە ئیحرام دەبەستیت بۆ حەج، بەم شێوەیەی کە لە میقات ئیحرامت کرد، واتە: خۆت دەشۆریت و پیاوان بۆنی خۆش لە خۆیان دەدەن و، دوایی دوو پارچە قوماشەکەی ئیحرام دەکەیتە بەرت، وە نیەتی حەج دەهێنیت لە دڵتداو، بە دەنگێکی بەرزیش دەڵێیت: ( لبيك اللهم حجا ) واتە: ئەی خوایە وەڵامی تۆ دەدەمەوە بۆ حەج کردن و، بەردەوام دەبم لەسەر وەڵام دانەوەی تۆو پابەند دەبم بەگوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی تۆ. دوای ئەوە دەڵێیت:(اللهم هذه حجة لارياء فيها ولا سمعة). واتە: ئەی خوایە ئەوە حەجێکە تەنها بۆ ڕەزامەندی تۆ دەیکەم، هیچ ڕیایی و پێش چاوێتی خەڵکی و ناوبانگ دەرکردن و شوهرەت پەیداکردنی تێدانیە. واتە بۆ ئەوە حەج ناکەم تاوەکو خەڵکی بە حاجی بم بینن ناو بانگم بڵاو بێتەوە. بەڵکو بە پاکی تەنها نیەتم لەم حەجە وەڵام دانەوەی فەرمانی تۆو ڕەزابوونی تۆیە بۆ ئەوەی لە گوناهەکانم پاك ببمەوەو بەهەشتم بە نسیب بکەیت. دوای ئەوە دەکەویتە ڕێ بۆ مینا، وە بەردەوام بەدەنگی بەرزەوە تەلبیە دەکەیت. واتە دەڵێیت: ( لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لا شريك لك ). وە بەردەوام تەلبیە دەکەیت _ بەگوێرەی توانا _تاوەکو ڕۆژی جەژن ڕەمی دەکەیت، ئەو کاتە تەلبیە کردن تەواو دەبێت. لە مینا نوێژی نیوەڕۆو عەسرو مەغریب و عیشا و بەیانی دەکەیت و شەو لەوێ دەمێنیتەوە. وە نوێژە چواریەکان کورت دەکەیتەوە بۆ دوو ڕەکعەت بەڵام کۆکردنەوەی دوو نویژ بەیەکەوە ( واتە: جمع ) نیەو هەر نویژەی لەکاتی خۆیدا دەکەیت.

## ڕۆژی دووەمی حەج

## کارەکانی ڕۆژی عەرەفە ( ٩ی ذوالحجة )

دەرچوون بەرەو عەرەفە: ئەگەر خۆر هەڵات ڕۆژی عەرەفە دەکەویتە ڕێ بۆ عەرەفە، وە لە ڕێگا تەلبیە دەکەیت یان: ( الله اکبر )دەڵێیت. وە لەڕێگا پێش گەیشتن بە عەرەفات لەشوێنێك دادەبەزیت کەپێی دەڵێن (نەمیرە) _ئەگەر بۆت گونجا_وە تاوەکو پێش نیوەڕۆ لەوێ دەمێنیتەوە. دوایی کە نیوەڕۆ داهات تۆزێکی تر دەڕۆیت و دەگەیتە شوێنێکی تر پێی دەڵێن: ( عورەنە ) لەپێش عەرەفەیە، وە لەویش لادەدەیت و خەتیب وتار دەدات و نوێژی نیوەڕۆو عەسر دوو ڕکات بەجەماعەت لەگەڵ خەڵکی دەکات لەکاتی نیوەڕۆو کورتیشیان دەکاتەوە بۆ دووڕکات، وە هیچ سوننەتی پێش و پاشی لەگەڵ ناکەن. وە هەر کەسێکیش بۆی نەکرا بە جەماعەت ڕابگات، ئەوە خۆی هەردوو نوێژەکە بە کورت کراوەیی لەکاتی نیوەڕۆدا دەکات، جاخۆی بەتەنها بێت، یان بەجەماعەت لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وەکو ئەون.

دوای نوێژ ئەو شوێنە کە ( عورەنە )ی ناوە جێ دە هێڵیت و دەچیت بۆ عەرەفە[1]، وە ئەگەر توانیت بچۆ بۆ لای بەردەکانی ژێر شاخی عەرەفە ( دامێنی عەرەفە ) وە لەوێ بوەستەو بمێنەوە، ئەگەر نەگەیشتیتە ئەوێش ئەوە لە هەر شوێنێکی تری عەرەفە

[1] دڵنیایی تەواو لبکە لەوەی کە لەناو سنوری عەرەفاتدا بوەستیت، چونکە ئەگەر لەناو خاکی عەرەفە نەوەستابیت ئەوە حەجەکەت بەرناکەوێت وبەتاڵە.

بوەستیت هەر وەستانەو دروستە. وە سوننەت نییە سەرکەویتە سەر کێوی ( ڕەحمە ) لە عەرەفات و لەوێ بوەستیت . وە لەهەر شوێنێکی تری عەرەفە وەستایت ڕوو دەکەیتە قیبلەو دەست بەرزدەکەیتەوەو دوعا دەکەیت وتەلبیە دەکەیت. وە بە زۆری ئەم تەهلیلەیە دەڵێیت: ( لا اله الا الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيٍ قدير). وە بەردەوام ئاوا زیکرو تەهلیلەو دوعاو تەلبیەو پاڕانەوە دەکەیت تا ڕۆژ ئاوا دەبێت. وە زۆر داوا لەخوا بکە ئازدت بکات و ڕزگارت بکات لە دۆزەخ، چونکە هیچ ڕۆژێك نیە بەئەندازەی ڕۆژی عەرەفە خوا بەندە لەئاگر ئازاد بکات. وە لەو ڕۆژەدا پەروەردگار فەخر دەکات لەسەر فریشتەکانی بەو بەندانەی کە لەعەرەفە دەستیان بەرزکردۆتەوەو لێی دەپاڕێنەوە. جا برای حاجی و خوشکی حاجی گوێ مەدە ماندو بوون و بەردەوام بەو بپاڕێوە، وە هەروەها ئەم کاتە پیرۆزەی عەرەفە لەدەست نەدەیت بەقسە کردن و دانیشتن و خەوتن و گەڕان و سواڵ کردن و وێنە گرتن و سواری وشتر بوون! ! وە سوننەتە ئەم ڕۆژە بەڕۆژوو نەبیت کە بۆ حەج چوویتە عەرەفە. وە ڕاوەستانی عەرەفە ڕوکنێکی حەجەو هەر کەسێك لە بەشێکی ئێوارەی عەرەفە یان شەوی جەژن لە عەرەفات ڕانەوەستێت حەجەکەی بەتاڵە. کە وەستانەکەت لەڕۆژدا بوو ئەوە پێویستە لەوێ بمێنێتەوە تاخۆر ئاوا بوون، وە جێهێشتنی عەرەفە پێش ئەو کاتە حەرامەو هەرکەسێ وابکات ئەوە دەبێت داوای لێخۆش بوون لە خوا بکات و فیدیەیەکیش بدات کە سەربڕینی حەیوانێکە لەحەرەم بۆ هەژارانی ئەوێ.

## دوای ڕۆژ ئاوا بوونی ئێوارەی عەرەفە

ئینجا دەکەویتە گەڕانەوە بەرەو شوێنێك پێی دەڵێن ( موزدەلیفە )، وە زۆر بە هێمنی و لەسەر خۆیی دەڕۆیت و پەلەو پاڵە پەستۆ ناکەیت، بەڵام ئەگەر چۆڵایی هەبوو بەخێرایی دەڕۆیت. جا کە گەیشتیتە موزدەلیفە بانگ دەدەیت ئەگەر بەتەنها بوویت لە گەیشتندا، وە ئەگەر کۆمەڵێکیش بەیەکەوە بوون ئەوە یەکێکیان بانگ دەدات وقامەت دەکات و ئەو کاتە لە موزدەلیفەوە نوێژی مەغریب دەکەن سێ ڕەکعەت، وە دوایی تەنها قامەت دەکەیت ونوێژی عیشا دەکەیت بە کورت کراوەیی بۆ دوو ڕەکعەت، وە نابێت نوێژی مەغریب لە کاتی خۆی بکەیت لە عەرەفە، وە هیچ سوننەتیان لەگەڵدا ناکەیت، وە دواشیان ناخەیت بۆ نیوەی شەو.

دوای نوێژی عیشا دەخەویت تاوەکو بەیانی، وە کە بەیانی بۆوە بانگ دەدەیت _ئەگەر بەتەنها نوێژ بکەیت_وە قامەت دەکەیت و نوێژی بەیانی دەکەیت لەکاتی خۆیدا لە موزدەلیفە. وە نوێژکردنی بەیانی لە موزدەلیفە واجبێکی حەجەو دەبێت هەر لەوێ بکرێت تەنها ژنان و پەك کەوتەکان نەبن کە دروستە بۆ ئەوان دوای نیوەی شەو موزدەلیفە جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە ( مینا ) لە ترسی ئیزدیحام و پاڵە پەستۆی کاتی گەڕانەوەی خەڵکی لە موزدەلیفەوە بۆ مینا. دوای نوێژی بەیانی ئەگەر توانیت دەچیت بۆ (المشعر الحرام ) کە کێوێکی _ بچوکە لە موزدەلیفەو مزگەوتی موزدەلیفەی لەسەر دروست کراوەو بە کێوەکە دەڵێن ( قەزەح ) وە لەسەر کێوەکە ڕوو دەکەیتە قیبلەو ( الحمدلله، الله اكبر ولا اله الا الله ) و دوعاو زیکری خوا دەکەیت لە ( المشعر الحرام ) تاوەکو دەوروبەر ڕووناك دەبێت. وە ئەگەر نەشچیتە(المشعر الحرام ) ئەوە دروستە لە هەر شوێنێکی موزدەلیفە بمێنیتەوەو زیکرو دوعا بکەیت. وە پێش خۆر دەرکەوتن دەکەویتە گەڕانەوە بۆ ( مینا ) بە لەسەر خۆیی و ئارامییەوە بە تەلبیە کردنەوە. وە کە گەیشتیتە ئەو شوێنەی مینا کە پێ دەڵێن ( بطن محسَّر ) ڕۆیشتنەکەت خێرا دەکەیت ئەگەر مەجالت بوو؛ چونکە لەو شوێنە

فیلەكانی ئەبرەهەی كافر وەستان و ماندوو بوون، وە لە جاهیلیەتدا لەوێ وەستان، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بە پێچەوانەی ئەوان بە خێرایی و ئازایی لەوێ دەڕۆیشت، نەك ماندوو بێت و بوەستێت.

ئینجا ڕێگەی ناوەڕاست دەگرێتەبەر كە دەگەڕێتەوە بۆ (مینا) بۆ سەر ( الجمرة الكبری ) كە پێی دەوترێت ( جمرة العقبة ) كە ئاخر جەمرەیەو لە هەموویان نزیكترە لە مەككەوە.

## ڕۆژی سێهەمی حەج

## كارەكانی ڕۆژی ( ١٠ی ذو الحجة )

## ( ڕۆژی جەژن و قوربانی ) یوم الحج الاكبر

## یەكەم كار لەم ڕۆژەدا :

## ( رمي جمرة العقبة )

دوای گەڕانەوەت لە موزدەلیفە یەكەم كارت لەو ڕۆژەدا ڕەمی جەمرەی عەقەبە دەبێت بە حەوت بەردی تۆزێك گەورەتر لە دەنكە نۆك یەك لە دوای یەك وە لەگەڵ هاویشتنی هەر بەردێك دەڵێیت ( الله أكبر ) وە لە مینا بەردەكان كۆدەكەیتەوە بۆ بەرد باران كردنی ( رمي )، واتە هاویشتنیان بۆ ناو حەوزەكە. وە لە كاتی هاوێشتنی بەردەكان ڕوو دەكەیتە حەوزەكەو لای چەپت دەكەوێتە لای مەككەو لای ڕاستیشت دەكەوێتە لای مینا. بەم شێوەیە سوننەتە. وە ڕەمی و بەرد هاویشتنە ناو حەوزەكە عیبادەتێكە خوا دەزانێت حیكمەت چیە تیایدا بەڵام حاجی ملكەچی خۆی دەنوێنێت و ئەم عیبادەتەش دەكات و خواش بە گەورە دادەنێت و لە گەڵ هەموو بەرد هاویشتنێكیش دەڵێت:( الله أكبر ).

وە بێ شەرعیە كە بەردی گەورەو تاكە نەعل بهاویت. وە دروست نیە پێش خۆر هەڵاتن بەردەكان بهاویت مەگەر لەوانە بیت كە روخسەتیان پێدرابوو دوای نیوەی شەو لە موزدەلیفە بگەڕێنەوە بۆ مینا لە ئافرەتان و لاوازان و خاوەن عوزرەكان. وە كە ڕەمی كرد ( واتە بەردەكانی هاویشتن ) كۆتاییش دێنێت بە تەلبیە كردن، چونكە دوای ڕەمی لە ئیحرام دەردەچیت، دەرچون و كردنەوەی یەكەم ( التحلل الأول )، بەڵام باشتر وایە ئیحرام نەكەیتەوە[1] تاوەكو لە دوای ڕەمی: سەرتاشین یان سەر بڕینیش نەكەیت، چونكە هەندێك لە زانایان فەرموویانە : ئیحرام كردنەوەی یەكەم بەم دوو كارە دەبێت لە كارەكانی ئەو ڕۆژە.وە دروستە ڕەمی دوا بخات بۆ دوای نیوەڕۆ و تاوەكو شەو ئەگەر پێش ئەو كاتە نارەحەت بێت. دوای تەواو بونت لە بەرد هاویشتنەكەت. هەموو شتە حەرام كراوەكانی كاتی ئیحرامت بۆ حەڵاڵ دەبێتەوە تەنها چونە لای خێزانت نەبێت. وە پۆشاكی ئیحرام لا دەبەیت و جلە ئاسییەكانی خۆت لەبەر دەكەیتەوە ئەگەر حەیوانیشت سەر نەبڕیبێت و قژیشت نەتاشیبێت[1]. بەڵام بۆ ئەوەی ئاوا لە جلەكانی خۆتدا بمێنیتەوەو لە ئیسراحەتدابیت، ئەوە لەو ڕۆژی قوربانیەدا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ كەعبەو حەوت جار بسوڕێیتەوە بە دەوری كەعبەدا واتە ( طواف الافاضة ) بكەیت پێش مەغریب، چونكە ئەگەر پێش شەو داهاتن ئەم تەوافی گەڕانەوەیە ( الافاضة ) نەكەیت ئەوە دەبێت جلی ئیحرام بكەیتەوە بەرت، وە پێش بەرد هاویشتنەكەت دەچیتەوە حاڵەتی

---

[1] واتە لە ئیحرام دەرنەچیت.

[1] بڕوانە الشرح الممتع (٧/ ٣٦٤-٣٦٥).

ئیحرامەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ( ان هذا یوم روخص لکم اذا انتم رمیتم الجمرة ان تحلوا من کل ما حرمتم منه الا النساء، فاذا أمسیتم قبل تطوافوا هذا البیت صرتم حرما لهیتکم قبل ان ترموا الجمرة قبل ان تطوفوا به)[١].

## دووەم کاری ڕۆژی قوربانی

## ( النحر أو الذبح )

دوای بەرد هاویشتنەکە سوننەتە بچیت بۆ شوێنی حەیوان سەربڕین ( النحر ) و لەوێ مەڕێك سەردەبڕیت یان حەوت کەس بەشداری دەکەن لە کڕینی وشترێك یان مانگایەك و سەری دەبڕن.

وە لە هەرشوێنێکی مینا و مەککە سەر ببڕدرێت هەر دروستەو ئەگەر بۆ خۆشت سەری نەبڕیت و وەکیلی لێبگریت هەر دروستە، بەڵام درووست نیە لە شوێنێکی تر سەرببڕێت وەك ئەوانەی کە دەڵێن لە ولاتی خۆمان سەری دەبڕین!!، چونکە شوێنی سەر بڕین تەنها میناو مەککەیە.

وە هەروەها نابێت پێش ڕۆژی قوربانی سەرببردرێت، چونکە کاتی سەربڕین تەنها ڕۆژی قوربان و سێ ڕۆژەکانی تری دواییەتی ( أیام التشریق ). وە کە فریا نەکەوتیت یان حەزت نەکرد ڕۆژی قوربانی سەربڕینەکە بکەیت ئەوە دەتوانیت دوای بخەیت بۆ هەر ڕۆژێکی تر لە سێ ڕۆژەکانی تری دوای جەژن.

وە کاتی سەربڕین، حەیوانەکە دەخەیتە سەر لای چەپی و ڕوی پێ دەکەیتە قیبلەو قاچی ڕاستت دەخەیتە سەر لای ڕاستی حەیوانەکەو بە دەستی چەپ سەری دەگریت و بەڕاستیش بە چەقۆیەکی تیژ سەری دەبڕیت، هاوکات لە گەڵ سەربڕین دەڵێیت ( بسم الله، والله أکبر، اللهم هذا منك ولك، اللهم تقبل مني ) واتە: بە ناوی الله ئەم حەیوانە سەردەبڕم و خوا گەورەترە لە هەموو شتێك، ئەی خوایە ئەم حەیوانە نیعمەتێکی تۆیە پێت بەخشیوم و منیش هەر بۆتۆی سەر دەبڕم لە پێناوی تۆ، ئەی خوایە لێم قەبوڵ بکە.

کەواتە سەر بڕینی حەیوان دەبێت تەنها لە پێناوی خوادا بێت و بە ناوی ئەوەوە بێت، وە نابێت لە سەر قەبری پیاو چاکان یان بە ناوی پیاو چاکان و بۆ ئەوان سەر ببڕدرێت، چونکە ئەوە شیرکەو بەر لەعنەتی خوا دەکەوێت، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: ( لعن الله من ذبح لغیرالله )[١] وە بۆت هەیە لە حەیوانەکەی خۆت بخۆیت و بڕێکیشی لێ هەڵبگریت بۆ ڕۆژانی تر.

---

[١] صحیح – بڕوانە الشرح الممتع ( ٧/ ٣٧٢ ). ئەمە ڕای هەندێك لە زانایانە بەڵام زۆربەیان لە سەر ئەوەن کە ئەم حدیسە شازەو مەقبوڵ نیە چونکە ئەگەر مەقبوڵ بوایە، ئەوا لە ناو هاوەڵانی و شوێنکەوتەکانیدا ئیشی پێدەکرا.

بەڵام برای مسوڵمان باشتر وایە ئیحتیات بکەیت و هەوڵی ئەوە بدەیت لە هەمان ڕۆژدا تەوافی دابەزێن ( افاضة ) بکەیت، بۆ ئەوەی لەم خیلافە ڕزگاربییت و کاریشت بە حەدیسەکە کردبێت والله اعلم.

[١] رواه مسلم/١٩٧٨.

وە پێویستە بەشی هەژارانی لێ بدەیت. وە ئەگەر توانای کڕینی حەیوانت نەبو، یان دەستت نەکەوت ئەوا سێ ڕۆژی دوای جەژن بەڕۆژو دەبیت و دروستیشە پێش ڕۆژی عەرەفە سێ ڕۆژوەکە بگریت، وە کە گەڕایتەوە بۆ وڵاتی خۆت حەوت ڕۆژی تر بەڕۆژو دەبیت کە دەکاتە ١٠ ڕۆژ لە بری حەیوان سەربڕینەکە.

## سێهەم کاری ڕۆژی قوربانی

(الحلق أو القصر)

دوای حەیوان سەربڕینەکە قژی خۆت کورت دەکەیتەوە یان دەیتاشیت، وە تاشینی خێرترە بۆ پیاوان، بەڵام ژنان بە ئەندازەی سەرە پەنجەیەك دەبڕن لە قژیان بە گشتی.

## چوارەم کاری ڕۆژی قوربانی

( طواف الافاضة )

دوای ئەمە لە هەمان ڕۆژدا پیاوان بۆنی خۆش لە خۆیان دەدەن، وە هەردوولا دەگەڕێنەوە بۆ ( المسجد الحرام ) بۆ ئەنجامدانی تەوافی ئیفازە واتە تەوافی گەڕانەوە بە دەوری کەعبە، وە هەروەها بۆ هاتن و چونی ( سەعی ) نێوان سەفاو مەروە.
وە چۆن لە کاتی هاتنت بۆ کەعبە یەکەم جار دەسوڕایتەوە بە دەوری کەعبەو نێوان سەفاو مەروا، لە (طواف) بە هەمان شێوەش ( طواف الافاضة ) دەکەیت، وە دەسوڕێیتەوە بە دەوری کەعبەو نێوان سەفاو مەروە. بەڵام لەم جارەیاندا شانی ڕاستت دەرناخەیت وە بە جلە ئاسایەکانی خۆت تەواف دەکەیت و، لە سێ خولی ( سوڕانەوەی ) سەرەتاشتدا پەلە ناکەیت لە ڕۆیشتنتدا.
وە کە حەجی تەنها ( افراد )، یان هاوتا لە گەڵ عومرە ( قران ) بکەیت، ئەوە تەنها بە دەوری کەعبەدا تەواف دەکەیت، بەڵام ئەمجارە سەعی و ڕۆیشتنی نێوان سەفاو مەروەت لە سەرنیە، ئەگەر لە گەڵ تەوافی ( القدوم ) سەعی و ڕۆیشتنی نێوانیانت کردبێت.
وە دوای ئەم تەوافی گەڕانەوەیە ( طواف الافاضة ) هەموو شتێکی لێ قەدەغەکراو بە هۆی ئیحرامت بۆ حەڵاڵ دەبێتەوەو دەتوانیت بچیتە لای خێزانیشت.
وە دروستە تەوافی گەڕانەوە لە ڕۆژی قوربانیدا نەکەیت و کاتی سەفەر کردن بیکەیت بە یەکجاری لە جیاتی تەوافی بە جێهێشتن ( طواف الوداع ). بەڵام ئەگەر لە ڕۆژی قوربانیدا ( طواف الافاضة ) نەکات پێش مەغریب ئەوە دەبێت دوای مەغریب جلی ئیحرام بکاتەوە بەری تاوەکو تەواف دەکات و ئەو کاتە هەموو شتەکانی بۆ حەڵاڵ دەبنەوە. وەك لە پێشتر باسمان کرد.
ووتمان سوننەتە ڕۆژی جەژن ئەم چوار کارە یەك لە دوای یەك بکەیت:

- یەکەم جار ڕەمی
- دووەم جار سەربڕین

- سێهەمیش قژ تاشین
- لە پاشان تەواف، بەڵام ئەگەر پاش و پێشیان بکات و بەم تەرتیبە نەیان کات هەر دروستە.

## ڕۆژی چوارەمی حەج
## کارەکانی شەوو ڕۆژی ( ١١ی ذوالحجة )

وە دوای تەوافی ئیفازەو سەعی دەگەڕێتەوە بۆ مینا، وە سێ شەوو[1] ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە، وە لە هەرسێ ڕۆژەکاندا ( دوای نیوەڕۆیان ) بەرد دەگرێتە ناو هەرسێ حەوزەکانی بەرد تێدا فرێدان ( الجمرات ) بەم شێوەیەی کە ڕەمیت دەکردو بەردت دەهاویشت:

١.یەکەم جار دەست دەکەیتە بەرد هاویشتنە حەوزی یەکەم ( الجمرة الاولى ) کە نزیکترین حەوزە لە مزگەوتی ( خيف ). جا کە لە بەرد هاویشتنەکە بویتەوە تۆزێك بەلای ڕاستدا دەچیتە پێشەوەو ڕووەو قیبلە ماوەیەکی زۆر ڕادەوەستیت و دەست بەرز دەکەیتەوەو دوعا دەکەیت. وە ئەگەر نەشت توانی زۆر بوەستیت ئەوە کەمێك هەر بوەستە بۆ دوعا کردن.

٢.دوایی دێیت بۆ حەوزی دووەم ( الجمر ة الثانية ) وە حەوت بەردەکەی بۆ دەهاویت، ئەمجار لای چەپ دەگریت و ڕووەو قیبلە دەوەستیت ماوەیەکی زۆر و دەست بەرز دەکەیتەوەو دوعا دەکەیت. ئەگەر نەتتوانی با کەمێکیش بێت هەر دوعا بکە.

٣.لە کۆتایدا بۆ حەوزی سێهەم ( جمرة العقبة )، وە بە هەمان شێوە (ڕەمی) دەکەیت بە شێوەیەك کە کەعبە بکەوێتە لای چەپت و میناش بکەوێتە لای ڕاستت. وە دوایی ڕاناوەستیت و یەکسەر دەگەڕێیتەوە بۆ مینا.

## ڕۆژانی پێنجەم و شەشەمی حەج
## کارەکانی ڕۆژی ( ١٢و١٣ ی ذو الحجة )

وە ڕۆژی دووەم و سێهەمیش لەو سێ ڕۆژەی دوای جەژن ( ١٣,١٢ )ی ذو الحجة وەك یەکەم ڕۆژەکەی ( ١١ )ی ذو الحجة دەکەیت.

وە دروستیشە تەنها دوو ڕۆژ بمێنیتەوە لە مینا بۆ ڕەمی کردن و دوایی بگەڕێیتەوە مەککەو، شەوو ڕۆژی سێهەم نەمێنێتەوە بۆ ڕەمی. بەڵام مانەوەت سوننەتەو خێرترە. بەڵام ئەگەر ڕۆژی دووەم(١٢ )ی ذو الحجة تاوەکو خۆر ئاوا مینات بەجێ نەهێشت، ئەوا واجبە سێهەم شەوو ڕۆژیش ١٣ی ذو الحجة بمێنیتەوەو هەمان کاری ڕۆژی پێشتر بکەیتەوە.

وە دروستە ئەو شەوانەی کە لە مینا دەمێنیتەوە سەردانی ( المسجد الحرام ) بکەیت و تەواف بە دەوری کەعبەدا بکەیت، حەوت جارو دوو ڕەکعاتی سوننەتیشیان لە دوا بکەیت لە پشت مەقامی إبراهیم، چونکە خێرێکی زۆر گەورەیە. وە بەم جۆرە تەوافەش دەوترێت تەوافی سەربەخۆ بۆ لەخوا نزیك بونەوە، وە تەنها سوننەتەو بە جلی ئاسییەوەش دەکرێت.

---

[1] مانەوەی شەو لە مینا واجبە لە سەر غەیری ژنان و بێ توانایان و خاوەن عوزرەکان.

وە پێویستە ئەو ڕۆژانەی مینا نوێژە فەرزەکانت بە جەماعەت بکەیت و باشتریش وایە لە مزگەوتی ( خيف ) بێت ئەگەر توانیت.
چونکە ٧٠ پێغەمبەر نوێژیان لێکردووە.
وە کە دوو یان سێ ڕۆژەکەی مینا تەواو بوو ئەوا واجباتەکانی حەج تەواو بون و دەگەڕێتەوە بۆ مەککەو بە گوێرەی گونجانی خۆت دەمێنیتەوە، وە هەوڵ بدە ئەو ماوەیە هەر لە مزگەوت بیت، چونکە یەك نوێژی ئەو مزگەوتە بە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار نوێژی شوێنی تر هەیە وە زۆر تەواف بکە.

## دوای تەواو بوونی حەج

## تەوافی ماڵ ئاوایی

( طواف الوداع )

کە کاتی ڕویشتنەوەت هات و ویستت مەککە جێ بهێڵیت، ئەوە پێویستە لە سەرت ئاخر شت بە دەوری کەعبەدا حەوت جار بسوڕێیتەوەو تەوافی ماڵ ئاوایی ( طواف الوداع ) بکەیت، بەبێ سەعی لە نێوان سەفاو مەروە.
بەڵام ئەگەر ئافرەت کە لە حاڵەتی ( حيض يان نفاس ) دا بوو، ئەوا ڕوخسەت دراوە بەبێ تەوافی ماڵ ئاوایی مەککە جێ بهێڵێت.
وە لە کۆتایدا قاچی چەپت پێش بخەو لە مزگەوت وەرە دەرەوە بڵێ: ( اللهم صل على محمد وسلم، اللهم إني أسالك من فضلك ).
وە سوننەت نیە بچیت بۆ ئەو مزگەوتانەی تری مەککەو دەوری مەککە.
وە هەروەها سوننەت نیە بچیت بۆ ئەشکەوتی (حراء) و شوێنەوارەکانی تر.
وە سوننەت نیە بە تایبەت بۆ نوێژ بچیت بۆ مزگەوتی عائیشە لە (تەنعیم).
بەڵکو ئەو چونانەت هەمووی بێ سودەو مەسرەفێکی بێ خێرەو کارێکی داهێنراوەو بێ بەڵگەیە.

## قەدەغە کراوەکان بە هۆی ئیحرام

(محظورات الإحرام)

لە ئیحرامدا چەند شتێك حەرام دەبن:
١.تاشینی موی قژو لاشە، یان کورت کردنەوەی.
٢.نینۆك کردن.
٣.عەترو بۆنی خۆش بەکارهێنان بۆ لاشەت و پۆشاکت دوای ئیحرام بەستن.
٤.ڕاوکردن لە دەشت و خواردنی ئەو نێچرەش کە بۆ تۆ ڕاو کرابێت.
٥.جیماع کردن.
٦.ماچ کردنی خێزان و دەست لێدانی بە شەهوەت و سەیرکردنی بە شەهوەت.
٧.داخوازی ئافرەت و مارە کردنی.

٨.لەبەرکردنی جلی دووراو بۆ لاشە، وەك فانیلەو بیجامەو شۆرت.....بۆ پیاوان

٩.سەر داپۆشین ڕاستەوخۆ بە مێزەر یان کڵاو ..... بۆ پیاوان

١٠.داپۆشینی دەم و چاو بە نیقاب بۆ ژنان.

١١.لە دەست کردنی دەست کێش بۆ ژنان.

وە هەرکەسێك یەکێك لەم شتە قەدەغە کراوانە بکات بە **نەزانین** یان **لە بیرچوون** یان **زۆری لێکران**، ئەوە نە تاوانی لە سەرەو نە فیدیە.

بەڵام ئەگەر دوای زانین بە **عەمدی بە ئیختیاری** خۆی شتێك لەمانە بکات، ئەوە تاوانی کردووەو پێویستە دەست هەڵگرێت لە قەدەغە کراوەکەو حوکمەکەشی بەم شێوەیەی خوارەوەیە بە کورتی:

١–ئەگەر جیماعی کرد پێش ڕەمی جەمرەی عەقەبە لە ڕۆژی جەژن، واتە پێش لە ئیحرام دەرچونی یەکەم، ئەوە فیدیەیەکی قورسی لەسەرە کە بریتیە لە سەربڕینی وشترێك وە حەجەکەیشی بەتاڵ بۆتەوە.

٢–ئەگەر ڕاوی کردبێت و حەیوانی کوشت بێت ئەوە فیدیەکەی بریتییە لە سەربڕینی وێنەی ئەو حەیوانەی کە کوشتوویەتی.

٣– ئەگەر قژی کورت کردبێتەوە، یان تاشی بێتی، یان نینۆکی کردبێت، یان سەری داپۆشی بێت، یان بۆنی خۆشی لە خۆی دابێت، یان چوبێتە لای خێزانی دوای لە ئیحرام دەرچونی یەکەم، یان ماچی کردبێت و دەستی کردبێت بە شەهوەت و گاڵتەی لەگەڵ کردبێت بەو جۆرە، یان جلی دووراو بۆ لاشەی لە بەر کردبێت، ئەوە فیدیەکەی بریتییە لە هەڵبژاردنی یەکێك لەم سێ شتە:

ا.بەخشینی سێ (صاع) واتە دوانزە مشت خۆراك بە شەش فەقیر، واتە هەر دوو مشت بۆ فەقیرێك.

ب.یان سێ ڕۆژ بە ڕۆژو بون.

ج.یان سەربڕینی مەڕێك.

٤– وە ئەگەر داخوازی ئافرەتی کرد، یان مارەی کرد، ئەوە هیچ فیدیەیەکی لە سەر نیە.

وە چەند حوکمێکی تریش هەیە سەبارەت بە کردنی ئەم قەدەغە کراوانە بۆ زانینیان بروانە کتابە گەورەکان یان پرسیار بکە لە زانایان، بەڵام لە بەر کورتی و بە پەلەیی لێرەدا درێژەمان پێ نەداوە.

## حیکمەت چیە لە سەفەری مەدینە؟

سوننەتە سەفەر بکەی بۆ شاری مەدینە لەبەر خاتری مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ، چونکە یەك نوێژ لەو مزگەوتەدا خێری هەزار نوێژی هەیە، بەڵام دروست نیە بەتایبەت بە نیەتی زیارەتی قەبری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی سەفەری مەدینە بکەیت، چونکە سەفەر بۆ مزگەوتەکەیەتی نەك بۆ قەبرەکەی. بەڵام کە لەبەر مزگەوتەکەی سەفەرت کرد ئەو کاتە دوای دوو ڕەکعەت سوننەتی ( تحية المسجد ) ( یان دوای نوێژی فەرز کە قامەتی بۆکرابوو )، دەچیت بۆزیارەتی قەبری پێغەمبەر ﷺ وە هەروەها قەبری أبوبکرو عمر (ڕەزای خوایان لێ بێت) وە سەلامیان لێ دەکەیت، بەڵام وریابە لە هاوار لێ کردنیان و داوای یارمەتی و شەفاعەت کردن لێیان و سوڕانەوە بە دەوریانداو دەست لەسەر دەست دانان کاتی ڕاوەستان بەرامبەریان وەك لە نوێژدا ڕادەوەستیت. وە

بە تایبەت ڕوو مەكە ئەوان لەكاتی نوێژو دوعا، وە پاڵە پەستۆ دروست مەكەو خەڵكی ئەزیەت مەدە لە دەوری قەبرەكەو لە ڕەوزە ( نێوان ژوری پێغەمبەرﷺ و مینبەرەكەی )، وە نوێژی ڕەوزە هیچ تایبەت مەندیەكی تێدا نیەو خێرتر نیە لە نوێژی شوێنێكی تری مزگەوت، بەڵكو هەوڵبدە لە ڕیزی پێشەوە نوێژەكەت لەگەڵ جەماعەت بكە، ئەوا خێرترە. وە كە چویتە دەرەوەی مزگەوت پاشەو پاش و ڕوو لەقەبر مەچۆرە دەرەوە ، بەڵكو بەئاسایی خۆت قاچی چەپت پێش بخەو بڵێ: ( اللهم صلِّ علی محمد ، اللهم إني أسألك من فضلك). وە وریابە لەمزگەوتی پێغەمبەر ﷺ دەنگ بەرز نەكەیتەوە، وە دەست بە پەنجەرەو دیواری ژورەكەدا مەهێنە بۆ بەرەكەت.

وە بازیاتر مانەوەكەت لە مەككە بێت نەك لە مەدینە، چونكە نوێژێكی مزگەوتی مەككە ( المسجد الحرام ) بە سەد هەزار نوێژ هەیە.

وە ئەو حەدیسە ڕاست نیە كە دەڵێت: هە كەسێك چل نوێژ لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ بكات ئەوە ڕزگاری دەبێت لە نیفاق و لە عەزاب. وە دروست نیە بەهۆی ئەم حەدیسە لاوازە هەفتەیەك خۆت بهێڵیتەوە لە مەدینە ! !.

وە حەج و عومرە هیچ پەیوەندیەكیان نیە بەشاری مەدینەو قەبری پێغەمبەر ﷺ ، بۆیە هەر كەسێك سەفەر نەكات بۆ مەدینە حەجەكەی هیچ زیانی لێ ناكەوێت. وە ئەو حەدیسەی كە دەگێڕنەوە دەڵێت: هەر كەسێك حەج بكات و زیارەتی قەبری من نەكات ئەوە لێم دوور كەوتۆتەوەو حەقی بەجێ نەگەیاندوم. حەدیسێكی درۆو هەڵبەستراوە. وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ خۆیشی دەچوو بۆ مەككە !.

كەواتە وا مەزانە كە حەج بەبێ چوون بۆ مەدینە تەواو نابێت، یان حەج بۆ ئەوەیە زیارەتی قەبری پێغەمبەر ﷺ بكەیت، نەخێر حەج هەر بووە پێش پێغەمبەریش ﷺ.

وە ئەو كەسەی دەچێتە مەدینە سوننەتە كە بەدەست نوێژەوە بچێت بۆ مزگەوتی ( قوباء ) وە دوو ڕەكعەت سوننەتی تێدا بكات. چونكە ئەوە پاداشتی عومرەیەكی هەیە.

وە سوننەتە بۆ ئەو كەسەی چووە بۆ مەدینە زیارەتی قەبرستانی ( بەقیع ) و قەبرستانی شەهیدەكانی كێوی ئوحد بكات بۆ ئەوەی مردنی بێتەوە یادو پەندو ئامۆژگاری وەربگرێت كە دەبینێت ئەم هاوەڵە بەڕێزە خۆشەویستانەش مردوون و دونیایان بەجێ هێشت دوای خزمەتێكی زۆر بە ئیسلام و تێكۆشانێكی زۆر.

بەڵام دروست نیە شتێكی سەر قەبرەكانیان بەبەرەكەت هەڵبگریت، نە گڵ و نە بەرد ، وە سەلامیان لێ بكەو دوعایان بۆ بكە نەك داوایان لێ بكەیت و بیان كەیتە واسیتەو شەفاعەت كار ، چونكە ئەوە شیركە.

وە سوننەت نیە زیارەتی هیچ شوێنێكی تر بكەیت لە مەدینە، وەك ئەو حەوت مزگەوتەی كە نزیك ڕووداوی خەندەق، وە هەروەها مزگەوتی دوو قیبلە ( قبلتين ) و كێوی ئوحد... وە چون بۆ زیارەتی ئەم شوێنانە بە تایبەت هیچ بەڵگەیەكی لەسەر نیەو كارێكی داهێنراوەو ماندووبوون و مەسرەفێكی بێ سودە.

## قەدەغە کراوەکانی مەککەو مەدینە

(محظورات الحرمين)

خوای پەروەردگار چەند تایبەت مەندیەکی بەخشیوە بەشاری مەککەو مەدینە، بەشێوەیەکی وەها کە خێری خوا پەرستی لە دوو مزگەوتەکە زیاتر لە شارەکانی تر، وە هەندێك شت لەشارەکانی تر حەڵاڵە کردنیان بەڵام لەم دوو شارە حەرامە ئەنجام دانیان، ئەمەش ڕێزێکی گەورەیە کە خوای گەورە لەم دوو شارەی ناوە، ئەم شتانەش کە قەدەغەن لەم دوو شارە بریتین لەمانە:

١. ڕاو کردنی ئاژەڵ و باڵندە ، هەروەها ڕاونانیان و هەڵفڕاندنیان یاخود هاوکاری کردن لەسەر ئەو کارە.

٢. بڕینی ڕووەك یان درك تەنها ئەوە نەبێت کە بڕینی زەروری بێت.

٣. هەڵگرتنی چەك تیایاندا.

٤. هەڵ گرتنەوەی شتی وون بوو بە نیسبەت حاجی دروست نیە. وەك پێڵاوو نەعل و جانتاو شتی تریش...

جا هەر کەسێ هەر کام لەم قەدەغە کراوانە بکات ، ئەوە گوناهبار دەبێت و پێویستە داوای لێ بوردن بکات لە خوا، وە ئەگەر ڕاوکردنەکە لە لایەن کەسێکەوە بێت کە لە ئیحرامدایە ئەوە خوێنی کەوتۆتە سەر.

کەواتە چونکە ئەو شتانە قەدەغەکراون لەو دوو شارە بۆیە پێیان دەوترێت ( الحرمين ) واتە ئەو دوو شارەی کە هەندێ شتیان تێدا حەرام کراوەو ڕێزێکی تایبەت و بەرزیان لێ نراوە.

## ئەو خوێنانەی کە لە حەجدا واجب دەبن:

١. ( دم نُسُكٍ ) خوێنی:

أ– حەجی ئیسراحەت ( تمتع ): ئەو خوێنە بریتیە لە سەر بڕینی حەیوانێك لەلایەن ئەو حاجیەی کە لە مانگەکانی حەجدا ئیحرامەکەی بە حەج بەستووە دوای تەواو کردنی عومرەکەی ئیسراحەت دەکات ئنجا ئیحرامی تر دەکات بۆ حەج واتە حەجی ( تەمەتوع ) بکات.

ب– وە هەروەها لەسەر ئەو کەسەشە کە حەجی یەك خستن و هاوتاکردنی لەگەڵ عومرە ( حج القران ) دەکات، واتە : ئیحرام دەکات بۆ هەردوکیان ( بە حەج و عومرە بەیەکەوە ( قران ).

خوای پەروەردگار فەرمویەتی :﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ﴾(البقرة:١٩٦).

واتە: هەر کەسێ ویستی بەهرەمەند بێ لە عومرە تا کاتی حەج – واتە ئیحرامی بەست بە عومرە وە دوایی بەهرەمەند بوو بە ئیسراحەت کردن و ڕابواردن تا کاتی ئیحرام بەستن بە حەج هەر لە مەککەوە بێ ئەوەی بشگەڕێتەوە بۆ ( میقات )، ئەوە بەرامبەر بەو نیعمەتی ( بە ئیسراحەت ئیحرام بەستن لە مەککەو بەجێ هێنانی دوو عیبادەت لە سەفەرێکدا )، پێویستە چی بۆ هەڵسوڕاو لە دەستی هات حەیوان سەر ببڕێ، بەڵام ئەگەر چوو بۆ میقات و ئیحرامی بەست ئەوە بەدەلەکەی ( بریتیەکەی ) لەسەر نیە.

**تێبینی :** ئەو حەیوان سەربڕینە لە بەرامبەر ئەو نیعمەتە گەورەیەی خوایە کە هەردوو عیبادەتەکەی حەج و عومرە لە تەنها سەفەرێکدا بەجێ دەهێنێت بێ ئەوەی بۆ عیبادەتی دووەمیش بگەڕێتەوە بۆ میقات بەجیا لە جاری یەکەم. کەواتە حەجی جۆری قیرانیش حەیوان سەربڕینی تێدایە. بەڵام حەجی تەنهاو بێ عومرە ئەو خوێنەی تێدا نیەو ئەو عیبادەتی حەیوان سەربڕینەی تێدا نیە، چونکە عیبادەتی عومرەشی تێدا نیە.

٢. <u>خوێنی فیدیە</u>: ئەو خوێنەیان واجب دەبێت لەسەر ئەو حاجیەی کە لە حاڵەتی ئیحرامدا قژی دەتاشێت بەهۆی نەخۆشیەك کەوا پێویستی کرد سەر بتاشێ ، یان بەهۆی ئازارێك کە لە سەریدا بوو، یان برینێك یان پەیدابونی ئەسپێ تیایدا. خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ﴾(البقرة:١٩٦). واتە: سەرتان مەتاشن( واتە ئیحرام مەشکێنن ) تاوەکو قوربانیەکە ئەگا بەجێی خۆی لەڕۆژی جەژن[١] . ئنجا ئەگەر یەکێ لە ئێوە ناچار بوو سەری بتاشێت بە هۆی نەخۆشیەك کە ئەبوو سەر بتاشێ، یا ئازارێك لەسەریا بوو، وەك: ( سەر ئێشە، یان برین یان ئەسپێ ) ئەوە ئەگەر سەر بتاشێ ئەبێ لە بارتەقای ئەو سەر تاشینە ( بریتیەك ) فیدیەیەك بدات کە بریتیە لە:

أ- بەڕۆژوو بونی سێ ڕۆژ.

ب- یان خێرێك کە خۆراکی شەش هەژارە (هەر هەژارەی دوو مشت ).

ت- یان سەربڕینی مەڕێك یان بزنێك.

بەڵام باشترینی ئەم سێ فیدیەیە بریتیە لە سەر برینەکە، ئنجا ڕۆژووەکە ، هەرچەندە هەر کامێکیشیان بکات هەر دروستە.

کەواتە : لە حاڵەتی ئیحرامدا پێویستە موسڵمان زیاتر لە حاڵەتەکانی تری مل کەچ و زەلیلی خوای پەروەردگاری بێت و گوێ نەدات بە خۆ جوان کردن و خزمەتی خۆ کردن، لەبەر ئەوە پێویستە موی هیچ شوێنێکی نەتاشێت و نەیکات، وە هەروەها نینۆکی نەکات و بۆنی خۆش لەخۆی نەدات و پۆشاك نەکاتە بەری. بەڵام ئەگەر ناچار بوو بۆ هەر یەکێ لەم قەدەغە کراوانە ئەو دروستە بیکات بەڵام پێویستە فیدیە بدات لە بری.

٣. <u>خوێنی سزا</u> ( دم الجزاء ) : ئەو خوێنە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە لە ئیحرامدا ڕاوی نێچیرێکی وشکانی بکات ، بەڵام ڕاوی دەریا قەیناکات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّداً فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْياً بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَاماً لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ ﴾(المائدة:٩٥) .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە، نێچیری کێوی مەکوژن لەکاتێکدا ئێوە لە ئیحرام دابن[١]، وە ئەگەر کەسێ لەئێوە ئەو نێچیرە بکوژێ بە قەستی ، ئەوە لەسەریەتی بژاردنی ئەو نێچیرە بە بریتیەك لە وشترو ڕەشە وڵاخ و مەڕوبزن بە وێنەی ئەو

---

[١] **تێبینی/ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سەربڕینی حەیوان بە نیسبەت حاجی کات و شوێنی خۆی هەیە، کاتەکەی لە ڕۆژی جەژنەوە دەست پێ دەکات وە شوێنەکەشی حەرەمە، کەواتە ئەو حاجیەی کە پێش ڕۆژی جەژن یان لەشوێنێکی تری غەیری حەرەم ( مەککەو مینا ) حەیوان سەردەبڕن ئەوە لە سوننەت لایان داوە.**

[١] **تێبینی/ هەندێ لەزانایان فەرمویانە : ئایەتەکە دوو مانا دەگرێتەوە، یەکەمیان: کە لەحاڵەتی ئیحرام دابێت ڕاو حەرامە جا لەهەر شوێنێك بێت ، هەروەها هەر کەسێك لە حەرەمیش بێت ئەوە ڕاوی لەسەر حەرامە تیایدا با لە ئیحرامیش دابێت، بەڵام عائشە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:هەندێك گیان لەبەر خراپن و لەهەموو کات و شوێنێکدا هەر دروستە بکوژرێن( قەلەڕەش و دوو پشك و مارو سەگی هارو بگر).**

نێچیرەی کە کوشتویەتی، واتە وەك نێچیرەکە وابێت لە دیمەن و قەبارەدا ، یان لەهەر سیفەتێکی تریشدا ئەگەر لە دیمەن و قەبارەدا وەك یەك نەبون، وە ئەگەر وێنەی نەبوو ئەوە بەنرخەکەی ئەژمێردرێت. بەشێوەیەك کە دوو پیاوی عادل لە خۆتان ئەو بریتیە دابنێن و بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی کە ئەوە وێنەی نێچیرە کوژراوەکەیە ئەو بریتیەش ( فیدیەش ) دیاریەکی نێردراوە کە بگاتە پەناو دەوروبەریماڵی خوا، واتە پێویستە شوێنی سەربڕینی و دابەش کردنی دیاریەکە خاکی حەرەم بێت. خۆ ئەگەر لەو شوێنە نەیکات ئەوە بەر ناکەوێت.

﴿ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ ﴾ یان کەفارەتیّ کە بریتیە لە خۆراکی چەند هەژارێك، وە ئەندازە خۆراکەکە بریتیە لە قیمەتی نێچیرە کوژراوەکە، یان قیمەتی هاوشێوەکەی ، وە بەو قیمەتە خۆراك دەکڕدرێت و بۆ هەژارێك مشتێك دادەنرێت.

﴿ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَاماً ﴾ یا لەبری خۆراکەکە بەهاوتای خۆی بەڕۆژوو بێت، واتە: لەبری خۆراکی هەژارێك ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت.

﴿ لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ ﴾ واتە هۆی دانان و پێویست کردنی بژاردن و کەفارەتەکە ئەوەیە کە ئەو بکوژە بچێژێت سەر ئەنجامی تاڵی کارە قەدەغە کراوەکەی، کە بریتی بوو لە شکاندنی ڕێزی ئیحرامەکەی ، یان ڕێزی حەرەم.

**تێبینی:** ئەم سزایەی باسکرا بۆ کەسێك بوو کە بەقەستی سنوری حەرەم و ئیحرام دەشکێنێت و ڕاوی نێچیری کێوی دەکات کە سزاکەشی دوو شت بوو:

یەکەم : خۆی شایستەی عەزابی خوا کرد.

دووەم : کەفارەتێکی کەوتە سەر.

بەڵام سەبارەت بەو کەسەی کە ئەو سنورە دەشکێنێت بە هەڵە نەك بە قەستی ، ئەوە لە قورئاندا باسی نەکراوە، بەڵام لە سوننەتدا هاتووە کە یەکیّ لە دوو سزاکەی لەسەرە کە کەفارەتەکەیە، بەڵام تاوانبار نابێت.

٤. خوێنی ڕێ لێ گیران ( الاحصار ) : واجب دەبێت لەسەر حاجی بەهۆی نەتوانینی تەواوکردنی حەج لەبەر نەخۆشی، یان ترسی دوژمن، یان لەبەر هەر ڕێگرێکی تر بێت . خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿ وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ﴾.

واتە: حەج و عومرەتان کە دەست پیّ کرد تەواوی بکەن، ئنجا ئەگەر ڕێتان لێ گیرا لە تەواوکردنی حەج و عومرەکەتان دوای ئیحرام بەستنەوە بەهۆی دوژمن، یان نەخۆشی، ئەوە ئیحرامەکەتان بشکێنن، ئینجا پێویستە چیتان بۆ هەڵسوڕا لە قوربانی سەری ببڕن، ( حوشتر بێ ، یان گا ، یان مەڕ ، یان بزن )، بەڵام ( حوشترو گا لەبری حەوت کەس دەبێت )، لەکویّ ڕێتان لێ گیرا لەویّ حەیوانەکە سەرببڕن هەروەك پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی لە حودەیبیە سەریان بڕی.

( ڕێ لێ گیراو حەیوانەکەی سەر دەبڕیّ و قژیشی دەتاشیّ ، یان کورتی دەکاتەوەو بەمە لە ئیحرامەکەی دەردەچێت.)

وە ئەگەر حەیوانیشیان دەست نەکەوت ئەوە لەجیاتی ئەوە ( دە ) ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت وەك ( موتەمەتیع )[1] ئینجا لە ئیحرامەکەی دەردەچێت.

---

[1] **تێبینی: کاتێك ئەم خوێنە لەسەر حاجی واجب دەبێت کە لەکاتی ئیحرام کردندا مەرجی ئەوەی دانەنابێت کە ئەگەر نەیتوانی و ڕێگری لیّ پەیدا بوو ، ئەوە لە ئیحرامەکەی دەر بچێت. بەڵام کە ئەو مەرجەی بۆخۆی دانابێت پێش وەخت ئەوە هیچ خوێنی ناکەوێتە سەرو بەئاسایی لە ئیحرامەکەی دەردەچێت هەرچەندە حەجەکەیشی تەواو نەکردووە.**

٥. دم الوطء :ئەو خوێنەیە کە بەهۆی جیماع کردنەوە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە لە ئیحرامدایە. وە لەپێشتر بەدرێژی باسمان لێ کرد.

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

سایتی فەرموودە

www.fermude.com